# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٠ دووشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠١ _ ٤ی ئاپریلی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## خۆپێشاندانێک لەدژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان بەڕێوە چوو




ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕۆژی شەممە، ١٣ی خاکەلێوە بە مەبەستی مەحکووم کردنی سیاسیەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاکسیۆنێکی لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئاڵمان پێکهێنا.

بەشداربووانی خۆپێشاندانەکە وێڕای مەحکومکردنی کردەوە دژی مرۆییەکانی حکوومەتی ئێران، خوازیاری ئەوە بوون کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی لە بزووتنەوەی نەتەوەکان و بزاوتی دێموکراسیخوازی لە ئێران و بەتایبەتیش خەباتی ڕەوای گەلی کورد بکەن. خۆپێشاندەران هەروەها خوازیاری ئەوە بوون کە وڵاتانی دەرەوە لە ڕێگای پێوەندییە بازرگانی و دیپلۆماتیکەکانی خۆیانەوە گوشار بخەنە سەر حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی پابەندی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بێ و کۆتایی بە سیاسەتی گرتن و کوشتن، ئەشکەنجە، سێدارە و سەپاندنی سزای قورس بەسەر چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکان بهێنێ.

لەم ئاکسیۆنەدا پەیامی ناوەندیی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ئەم خۆپیشاندانە و پەیامی ناوەندی هاوکاری بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان خوێندرانەوە و چەند وتارێک لەسەر شیکردنەوەی دۆخی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد و هەروەها بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران پێشکێش کران.

## پێشەوا قازی محەممەد

# قوتابخانەی کوردایەتی و ڕێنیشاندەری هەمیشەیی حیزبی دیموکراتە




سەروتار

## لە ڕاپرسییەکی داسەپاو هەتا شەرعییەتی نەبوو

**عەلی بداغی**

ڕێفڕاندۆمی چل و سێ ساڵ لەوەپێشی «کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئا یان نا» کە ئاکامەکەی لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا ڕاگەیەندرا، خاڵوەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی نیزیکی خەباتی گەلانی ئێران بوو. ئەو بەناو ڕێفراندۆمە لە ڕواڵەتدا بۆ دیاریکردنی جۆری سیستمی سیاسیی و حکوومەت لە ئێران بەڕێوە چوو، بەڵام خەڵک و لایەنە سیاسییەکان کە بە نرخی دەیان ساڵ خەبات و پێشکێشکردنی دەریایەک خوێن بە سەر ڕێژیمی پاڵەویدا سەرکەوتبوون، تەنیا یەک بژێرەیان خرابووە بەر دەم: گۆڕینی ڕێژیمی پاشایەتی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئا یان نا؟ لەوەدا خوێندنەوە و هەڵوێستی خەڵک و ڕەوتە سیاسییەکان جیاواز بوو.

هیندێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان کە ژمارەیان ئێجگار کەم بوو –حیزبی دێموکرات و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی دیکەی کورد بۆ نموونە– بە بردنە ژێر پرسیاری مێتۆدی ڕاپرسییەکە لایان وابوو کە لەو گشتپرسییەدا دەبوا هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان مافی هەڵبژاردنی ئازادانەیان لە نێوان شێوە جۆراوجۆرەکانی نیزامێکی دێموکراتیک هەبا. ئەگینا بە سەرنجدان بە سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک لە ڕوخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئیدی چ حەوجێ بە بەڕێوەبردنی ڕێفڕاندۆمێکی لەو شێوەیە هەیە؛ ئەویش لە کاتێکدا خەڵک نازانن سیاسەت و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران چین و ڕوانگەی ڕێژیمی سیاسیی نوێ بۆ پرسی مافە بنەڕەتییە پێشێلکراو و پشتگوێخراوەکانی گەلانی ئێران چین! هەر بۆیەش خۆیان لە بەشداریکردن لەو ڕاپرسییەدا بوارد و بایکۆتیان کرد. بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێرانیش کە ئایەتوڵڵا خومەینی بە هەڵخراندنی هەستی ئایینییان توانیبووی پەلکێشی ئەو گشتپرسییەیان بکا و ڕێژیمی سیاسیی دڵخوازی خۆی بە سەریاندا بسەپێنێ، لایان وابوو بە دەنگدان بە «کۆماری ئیسلامیی ئێران» ئیدی لە دەست ڕێژیمی دیکتاتۆر و خۆسەپێن ڕزگاریان دەبێ، ماف و ئازادییە سیاسی، مەدەنییە دێموکراتیک و کۆمەڵایەتییەکانیان دابین دەبن، کەلێنی ڕەگەزی و چینایەتی نامێنێ، قەیرانە ئابوورییەکان چارەسەر دەبن و ئاشتی و ئارامی باڵ ...


درێژە لە لاپەڕەی ٢

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب
## بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد

٧٥ ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە هەڵگر و درێژەدەری هزر و ڕێبازی سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانە. ئەو ئامانجانەی پێشەوا، کردنی بە بەرنامەی حیزبی دیموکرات و، کۆماری کوردستانی بە نیازی وەدیهێنانیان دامەزراند، لە درێژایی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بە هەوڵی ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات، بە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بوونەوە. گیانبەختکردنی هەزاران شەهید و لە ڕیزی پێشەوەیان ڕێبەرانێکی وەک د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، ئەم ڕێگا و ڕێبازەی وەها ڕەنگین و سەنگین کردوە کە بە هیچ هێزێک کاڵ نابێتەوە. بەردەوامبوونی ڕێبواران و درێژەدەرانی ڕێگای قازی محەمەد لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کوردی ڕۆژهەڵات لە بندەستی، بیری پێشەوای لەنێو خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی هێشتۆتەوە...ل٢



**چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧** ٤


**شەڕی ئۆکراین دژمنی و دژایەتییەک بۆ باڵانسی هێز** ٨


**نەورۆز مێژوو و لێکەوتەکانی** ١٠


**ڕەزا بەراهەنی شاعیری شێعری زمان و ڕووناکبیری چەپ** ١١

◆ درێژەی سەروتار

## لە ڕاپرسییەکی داسەپاو هەتا شەرعییەتی نەبوو

... بەسەر وڵاتدا دەکێشێ، واتە وەدیهاتنی هەموو دروشمەکانی شۆڕش و ئەو بەڵێنانەی بە بەختکرانی گیانی هەزاران کەس لەپێناویاندا ڕێژیمی پاشایەتییان بۆ ڕووخاندبوو. بەڵام ٤٣ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە ڕەنگبێ تەنیا نەتەوەیەک لە ئێراندا کە شانازی بە بڕیاری ئەوکاتی بکا، کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بن کە دواتریش لەسۆنگەی هەر ئەو هەڵوێستە ژیرانە و بوێرانەیاندا زۆرترین کارەساتیان بەسەر هات.

خومەینی ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئاکامی ڕاپرسییە داسەپاوەکەی بە "یەکەم ڕۆژی حکوومەتی خوا" ناو برد و بەمجۆرە پشتئەستوور بەو دەرەنجامە ڕەوتی سەرکوتی جیابیران و زەوتکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی مافخوازی تینووی ئازادی و دێموکراسیی دەست پێ کرد. هێشتا ٥ مانگ بە سەر ڕێفراندۆمەکەدا تێنەپەڕیبوو کە خومەینی لە وتاری ئاگرینی ڕۆژی هەینی، ٢٦ی گەلاوێژ لە شاری قوم ڕووی ڕاستەقینەی خۆی و ڕێژیمە نوێیەکەی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد. ئەو کە تاقەتی هیچ چەشنە بەرهەڵستییەک و بیستنی هیچ دەنگێکی ناڕازی و وەستانەوە لە بەرانبەر ویستی تەواوەتیخوازیی خۆیدا نەبوو، گلەیی لە خۆی و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەکەی کرد کە بۆچی شۆڕشگێرانە نەبزووتوون و لەبەرچی قەڵەمی هەرچی نووسەر و ڕۆژنامەنووسە نەیانشکاندوە و بڵاوکراوەکانیان دانەخستوە؟ چۆنە هەتا ئێستا حیزبەکانی دژبەریان هەڵنەوەشاندوە و سەرۆکی دژبەرانیان بە سزای تاوانەکانیان نەگەیاندوە و لە گۆڕەپانەکانی شاردا پەتی سێدارەیان هەڵنەخستوە و دێوجامەیان بۆ نەیارانیان هەڵنەواسیوە؟ ئامانجی سەرەکیی خومەینیش لەو هێرشە کە دواتر چووە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرەتا بزووتنەوەی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانەی کوردستان بوو کە ئامادە نەبوو مل بۆ داخوازەکانی ڕێژیمەکەی نەوی بکا و دواتریش هەموو ئەو هێزە ئازادیخوازانەی گرتەوە کە لە سەرانسەری وڵاتدا دژ بەو ڕێژیمە هەڵوێستیان دەگرت. هەنگاوی دواتری ڕێفراندۆمەکەی خاکەلێوەی ١٣٥٨ بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە تێیدا بە جێگیرکردنی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ دەستی مەلاکان بۆ پاوانکردنی هەموو جومگە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات ئاوەڵا کرا و وەلیی فەقیهـ کە دەسەڵاتەکەی زۆر لە دەسەڵاتی شای ڕووخاو زیاتر بوو، وەها سواری ملی خەڵک بوو کە لە مێژووی پڕاوپڕ لە ئیستبداد و دیکتاتۆڕیی ئێرانی نوێ و کەوناردا نەبیندراوە. درێژکردنەوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق وەک هەل و دەرفەتێکی زێڕین بۆ کپکردن و خنکاندنی هەر دەنگێکی ناڕازی و قەڵتوبڕی هەر هێزێکی دژ دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی ڕەخساند تا دواتر دەست بەسەر هەموو بوارەکانی سیاسەت و ئابووریی وڵاتدا دابگرن. پاشان بە بەهێزکردنی ناوەندەکانی سەرکوت بەرهەڵستی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی گشتیی خەڵک ببنەوە.

٤٣ ساڵ دوای ڕێفراندۆمەکەی خاکەلێوەی ٥٨ ئەوەی لە ئێران دیار و بەرهەستە بوونی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و ناکارامە، دیکتاتۆڕ و سەرکوتگەرە کە خوێنی خەڵکی وڵاتی لە شووشە کردوە و ئەوانی لەپێناو ئامانجە ئیدئۆلۆژیکییەکانیدا بە بارمتە گرتوە. ئابووریی وڵات لەبەریەک هەڵتەکاوە و بە بۆچوونی کارناسان بێتوو دانوستانەکانی ڤییەن بە ئاکام نەگەن و گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵنەگیرێن، ئاوسان لە ساڵی نوێدا بۆ سەروو سەتا ٧٠ دەڕوا. بەتایبەت کە لەو بارودۆخەدا دارمانی پاشخان و فۆنداسیۆنی ئابووری و نەبوونی وەبەرهێنەری بیانی هیچ دەرفەتێکی بۆ کارخوڵقێنی نەهێشتۆتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ حەشیمەتی بێکارەکانی وڵات زیاتر و زیاتر دەبن، گەندەڵیی سیستماتیک و تەرخانکردنی بەشی هەرەزۆری بودجەی گشتیی وڵات بۆ بنیاتەکانی سەرکوت و پڕوپاگندەی ڕێژیمیش لەجێی خۆی کە بە نۆرەی خۆیان پەرەپێدەری قەیرانەکانن. بەپێی گشت پێوەر و ستانداردە جیهانییەکانیش کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤٣ ساڵەی دامەزرانیدا نیزامێکی سیاسیی مایەپووچە و لەمێژ ساڵە گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و ئەوەی تا ئێستا ڕێژیمی پاراستوە، ئیرادە و توانایی ڕێکخستنی سەرکوتی خەڵک و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانە. چونکی ڕێژیم نە دەیهەوێ لە بەرانبەر ویستی خەڵکدا پاشەکشە بکا و نە دەشتوانێ بەو سیاسەتە بیانی و شێوە ئیدارەکردنەی وڵات نیزامێکی سیاسیی سەقامگرتوو بمێنێتەوە.

کۆماری ئیسلامی قووڵایی ستراتیژیکی مانەوەی خۆی لەسەر هەناردەی تێرۆریزم، قەیرانخوڵقێنی و نائەمنکردنی ناوچە داناوە و، بەهێزیی خۆی نەک لە وەرگرتنی شەرعییەتی گەلی، بەڵکوو لە پەرەدان بە توانا سەربازییەکانیدا دەبینێ، ئەگینا لە هەموو بوارەکانی دیکەدا وەک پەرەسەندنی ئابووری، دادپەروەری، دابینکردنی ماف و ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، پاراستنی ژینگە و هتددا هەرەسی هێناوە. وەک چۆن ئاکامی تازەترین ڕاپرسیی دامەزراوی "گێمان" کە ڕاست لە ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، ٤٣ ساڵەی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمەکەی "کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئا یان نا"دا بڵاو بۆوە، پێمان دەڵێ سەتا ٨٨ی کۆمەڵگەی ئێران لایەنگری "نیزامێکی سیاسیی دێموکراتیک و گەلی" و سەتا ٧٠ی خەڵکی ئێران دژی ئیدارەکردنی وڵات بە یاسای دینین.

بەڕاست ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕەواییەتی خۆی دڵنیایە، با ڕێگە بدا خەڵک بڕیاری خۆیان بدەن و ڕێفراندۆمێکی دی لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا بۆ دیاریکردنی نیزامی سیاسیی وڵات بەڕێوە بچێت. با قسەکەی خومەینییش بێتە دی کە پێش ڕێفراندۆمەکەی خاکەلێوەی ٥٨ دەیگوت ئەوە باب و باپیرانمان بوون ڕێژیمی پاشایەتییان ویستوە ، بەڵام ئێمە نامانەوێ، نەسڵی ئێستا خۆی دەبێ بڕیار بدا کە چ جۆرە حکوومەتێکی دەوێ!

***

# لە حیزبی دێموکراتدا هەر لە سەرەتاوە نەریتێک جێ کەوتوە

# ئەویش نەریتی پێشەنگبوونی ڕێبەرانی لە گیانبەخشین لەپێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتماندا

## (پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی)




**خەڵکی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازەکانی ئێران!**
**هۆگران و ئەویندارانی ڕێگا و ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**

حەفتاو پێنج ساڵ لەمەوبەر لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی ( ٣٠ مارسی ١٩٤٧ی زایینی) پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری بەرگریی کۆمار و، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازی و نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی ئێران، لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران. دوای ئێعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی، ژمارەیەکی دیکە لە وەفادارترین ڕێبوارانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی لە فەیزوڵلابەگییەکان لە دار دران و ژمارەیەکی زۆریش لە تێکۆشەرانی ساڵانی ١٣٢٥-١٣٢٤زیندانی کران یا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێ هێشت و پەڕیوەی هەندەران بوون. ئێعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی، کۆتایی تاڵی قۆناغێکی کورتخایەن بەڵام زێڕین و پڕ لە دەسکەوتی نەتەوەی کورد بوو کە لە مێژوودا بە سەردەمی کۆماری کوردستان ناسراوە؛ سەردەمێک کە نەتەوەی کورد تا ئەوکاتە لە هیچکام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی، نموونەی وای بە خۆیەوە نەدیتبوو.

ڕامانێک لە کەسایەتیی پێشەوا و کار و کردەوەکانی، قووڵایی کارەساتی ١٠ی خاکەلێوە و کاریگەریی ئەو ڕووداوە تاڵەمان لەسەر مێژووی دوای خۆی زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە. پێشەوا جگە لەوەی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و بە فەرهەنگی شاری مەهابادا پێگەیشتبوو و، باوکی قازیی ئەو ناوچەیە بوو، بۆخۆیشی لە خوێندن و خۆپێگەیاندندا زۆر سەرکەوتوو بوو. جگە لە خوێندنی ئایینی، لە بواری ئەدەبیات و شارەزایی لە زمانەکانی بێگانەشدا کەسێکی بەتوانا و هەڵکەوتوو بوو. پێشەوا جگە لە زمانەکانی فارسی، عەرەبی و تورکی، لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرانسەیی و ڕووسییش شارەزا بوو. ئەو کەسایەتییە لە سەردەمێکدا ئەو هەمووە زانین و لێهاتووییەی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە کە لە کوردستان بەهۆی پشتگوێخرانی لەلایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە، تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە پیاوان، خوێندەوارییان هەبوو و خوێندەواری لە نێو ژنانیشدا، هەر نەبوو یان دەگمەن بوو.

قازی محەممەد هێشتا لاوێکی ٢٤ ساڵە بوو کە بەرپرسایەتیی ئیدارەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیی لە شاری مەهاباد پێئەسپێردرا و پاشان کرا بە بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی شاری مەهاباد. لە تەمەنی ٣١ ساڵی و پاش مەرگی قازی عەلیی باوکی، بوو بە قازیی ناوچەی مەهاباد. تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی قازی محەممەد، هەروەها ئازایەتی و بوێریی ئەو لە بەرگری لە کورد و زمانە قەدەغەکراوەکەی، ڕێز و خۆشەویستی و پایەی کۆمەڵایەتیی ئەویان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بردبووە سەرێ.

قازی محەممەد هەرچەند لە سەرەتادا کە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژێکاف) دامەزرابوو، ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبوو، بەڵام ڕێز و حورمەتێکی زۆری لەلای بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە هەبوو و هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا. لە ڕاستیدا ئەندامەتیی قازی محەممەد لە کۆمەڵەدا و قورسایی و شارەزایی ئەو وای کرد کە کۆمەڵە بگۆڕێ بۆ "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" و قازی محەممەد ببێ بە دامەزرێنەر و ڕێبەری حیزبی دێموکرات؛ بۆیەش خەڵک نازناوی "پێشەوا "یان پێدا و هەر ئەویش بوو بە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان کە یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەی کوردە.

بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان بەو پەڕی لێوەشاوەیی، ڕاکێشانی خۆشەویستی و پشتیوانیی تێکۆشەرانی کورد لە پارچەکانی‌تری کوردستان بۆ لای کۆمار، پێکهێنانی زۆرترین تەبایی لەنێو کۆمەڵی کوردستاندا، بەدیهێنانی کۆمەڵێک دەسکەوتی مێژوویی لە بوارەکانی پێشمەرگایەتی، تەنایی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەدا، بەڕێوەبردنی دەسەڵاتێکی کوردی لە کەش‌وهەوایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا، دامەزراندنی ژمارەیەک ڕێکخراوی سینفی و کۆمەڵایەتی کە تا ئەوکاتە لە مێژووی کورد و تەنانەت ناوچەشدا بێوێنە بوو، گەورەیی کەسایەتیی پێشەوامان بۆ دەردەخەن. لە خۆڕایی نییە کە د. قاسملووی نەمر، پێشەوا قازی محەممەدی بە گوڵێک چوواندووە کە لە سەحرادا ڕوابوو.

کارنامەی پڕلە شانازیی پێشەوا بە دەسگیرکرانی لە سەرماوەزی ١٣٢٥ (پاش داگیرکرانەوەی شاری مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی حەمەڕەزاشاوە) تەواو نابێ. بەرگرییەکانی پێشەوا لە دادگای نیزامیی ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا، لە بوێری و بەحەقبوون و ژیربێژییدا شانیان لە شانی ئەو نوتقانە دەدا کە لە مینبەری سەرۆک کۆمارییەوە پێشکەشی کردبوون. بۆیەشە کە بەرگرییەکانی پێشەوا لە بێدادگای ڕێژیمی شایەتیدا بۆ هەتا هەتایە مایەی سەربەرزیی خۆی و نەتەوەی کوردن.

### خەباتکارانی ڕێگەی ڕزگاری لە کوردستان !

پێشەوا قازی، بەو کەسایەتی و تایبەتمەندییە بەرزانەی، بەو کاریگەرییە فکری و ڕوحی و نیشتمانییەی، بۆ تێکۆشەرانی دوای خۆی بوو بە نموونە و سەرمەشق؛ بوو بە قوتابخانەی کوردایەتی و خزمەت و تێکۆشانی نەتەوەیی. بوو بە چرای ڕێنوێن و، بوو بە ڕێنیشاندەری هەمیشەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە داوێنی ئەندێشە و ڕێبازەکەیدا چەندین ڕێبەر و سەرکردەی لێهاتوو، سەدان کەسایەتیی سیاسی و نەتەوەیی شوێندانەر، هەزاران خەباتکار و تێکۆشەر، پەروەردە بوون. ٧٥ ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە هەڵگر و درێژەدەری هزر و ڕێبازی سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانە. ئەو ئامانجانەی پێشەوا، کردنی بە بەرنامەی حیزبی دیموکرات و، کۆماری کوردستانی بە نیازی وەدیهێنانیان دامەزراند، لە درێژایی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بە هەوڵی ڕێبەران و تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دیموکرات، بە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بوونەوە. گیانبەختکردنی هەزاران شەهید و لە ڕیزی پێشەوەیان ڕێبەرانێکی وەک د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی، ئەم ڕێگا و ڕێبازەی وەها ڕەنگین و سەنگین کردوە کە بە هیچ هێزێک کاڵ نابێتەوە. بەردەوامبوونی ڕێبواران و درێژەدەرانی ڕێگای قازی محەمەد لە سەر خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کوردی ڕۆژهەڵات لە بندەستی، بیری پێشەوای لەنێو خەڵکی کوردستاندا بە زیندوویی هێشتۆتەوە. بەرەنگاریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە لە بست بە بستی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، چوونە زیندان، بریندارى، نەفوستانی، دەربەدەری وماڵوێرانیی ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای ئامانجەکانی پێشەوا و کۆماری کوردستاندا، بووە بە دەستەبەری مانەوە و گەشانەوەی بیر و ئەندێشەی پێشەوا قازی. لەمێژ ساڵە پێشەوا قازی بووە بە گەورەترین سیمبۆل و ناونیشانی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی لە هەموو شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕێگا و ئامانجەکانی بوون بە خاڵی لێککۆکردنەوەی هێز و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٧٥ ساڵەی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا، پەیمان لەگەڵ گیانی ئەوان و هەموو شەهیدانی کوردستاندا نوێ دەکاتەوە کە هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستێ. هەر لەو کاتەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ دووپاتی بکاتەوە کە کەسایەتی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی پێشەوای شەهید هەروا ئیلهامدەر و ڕێنیشاندەری ئەم حیزبە دەمێننەوە. بایەخدان بە هاوخەباتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران، گرنگیدان بە برایەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێوان بەشەکانی کوردستان، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی تەبایی و ئاشتەوایی نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردستان، ڕێزدانان بۆ جۆراجۆریی ئایینی، زمانی، نەتەوەیی و ئازادیی بیر و باوەڕ، ڕچەشکێنبوون لە هێنانی ژنان و لاوان بۆ نێو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات و، پشتیوانی لە ڕووناکبیران و زانایان، بەشێک بوون لە ڕەوشت و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو ڕێبەرە گەورەیە و؛ حیزبی دیموکرات هەر وەک ڕابردوو تێدەکۆشێ لە ژیانی سیاسیی خۆیدا لەم خاڵە گرنگانە غافڵ نەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر لە نیو سەدەیە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوای سەرکۆمار و یارانی، بە "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان"، ناودێر کردوە. ئەگەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکان و هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک، ژیان و گیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازی و داواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورددا بەخت کردوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا و ڕێزیان بۆ دادەنێ.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک جێ کەوتوە، نەریتی پێشەنگبوونی ڕێبەران و بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتماندا. دەیان فەرماندەری بەناوبانگ، سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیداندا دەبینرێن، زیاتر لە ٣٠ کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانەدا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزب و دوو سکرتێری گشتیی حیزب، د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی، لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و شەهید کراون.

١٠ی خاکەلێوە، هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژەدا جێی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان، ڕێبەران و تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیەکە بۆ چوونەسەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیاندا پێشکەش کرد. ١٠ی خاکەلێوە ئەو ڕۆژەیە کە بە ڕێزەوە ڕوو دەکەینە گیان و مەزاری پێشەوای سەرقافڵەی شەهیدان و سوورخەڵاتانی ڕێبواری ڕێگاکەی و پێیان دەڵێین: بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە؛ چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە ڕزگاریی کوردستان و نەتەوەی کورد لە داگیرکراوی و بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان، لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

٧٥ساڵ خەبات و تێکۆشان لە سەر ڕێگا و ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد، ئەو دڵنیاییەی پێ داوین کە هەتا سیاسەت و خەباتمان بە ئەندێشە و ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی ئەو ڕێبەرە گەورەیە ڕەنگڕێژ کرابێ، خەڵکی کوردستان پشتیوانمان دەبێ و بزووتنەوە نەتەوەییەکەمان ساڵ بە ساڵ زیاتر لە کوردستان ڕیشە دادەکوتێ.

سڵاو لە گیانی پاکی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، پێشەوا قازی و هاوڕێیانی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان

بەردەوام بێ خەبات و تێکۆشان تا وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی پێشەوا قازی.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٩ی خاکەلێوەی ١٤٠١ ( ٢٩ی مارسی ٢٠٢٢)**

# بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

## قەڵای قایمی باوەڕ و پشتیوانی حیزبی دێموکراتن




**بەڕێزان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکرات و سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانی تێدەپەڕێ. لەم بۆنەیەدا لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ ڕەوانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرقافڵەی شەهیدان و وێڕای ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدە سەربەرزەکانمان، ڕێز و ئەمەگناسیی خۆمان ئاراستەی سەرجەم بنەماڵەی شەهیدانی حیزب و گەل دەکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بە سەرمایەی مەعنەویی جووڵانەوەی کورد دەزانێ و وەک قەڵای قایمی باوەڕ و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لێیان دەڕوانێ.


جووڵانەوەی دێموکراتیک و مافخوازانەی کورد لە ئێران لە مێژووی نیزیکی خۆیدا نیزیک بە هەشت دەیەیە هەوڵی دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەو گەلە دەدات و ویستوویەتی بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بە ویستە ڕەواکانی بگا. بەڵام بەداخەوە لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە نەک هەر گوێی لێ نەگیراوە، بەڵکوو بە شەڕ، سەرکوت، تێرۆر و پەت و سێدارە و بەندیخانە وەڵامی دراوەتەوە. بەڵام گەلی کورد بۆ ستاندن و دابینکردنی مافە ئینسانییەکانی و وەدیهێنانی ئامانجە بەرز و ڕەواکانی لەبەرانبەر حاکماندا چۆکی دانەداوە، ئەگەرچی بەداخەوە لەم ڕێگەیەدا قوربانیی زۆری داوە. لە پێناو ئەو مافە ڕەوایانەدا هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی ئەو خاک و نیشتمانە لە سەنگەری خەباتدا شەهید بوون و گەلێک قارەمان و تێکۆشەری گەلەکەشمان لە کۆڕی خەباتگێڕاندا هەتا سەر و دوا هەناسەی ژیانیان خەباتیان کرد و سەربەرزانە سەریان ناوەتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، (ڕۆژی شەهیدانی کوردستان) و لە ٧٥ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەددا، بە ئیمان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی شەهیدان و درێژەدان بە ڕێبازەکەیان کە ڕێبازی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییە، پەیمانی وەفا و ئەمەگناسی لەگەڵ شەهیدان نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لەسەر ئەم ڕێبازە پیرۆزە بەردەوام دەبێت.

تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە پیرۆزە لە سەنگەری خەبات و بەردەوامیی ئەم جووڵانەوەیەدا لەگەڵ ڕوحی شەهیدان و لەگەڵ ئێوە بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان پەیمان نوێ دەکەنەوە کە تا سەر درێژەدەری ڕێبازەکەیان بن و ڕێگەی ڕۆڵە شەهیدەکانتان ون نەکەن و ئەو خەباتە بە مەنزڵگەی سەرکەوتن بگەیەنن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی**

## کوژران و بریندار بوونی ٢١٧ کۆڵبەر گرتنی ٥٨١ چالاکی سیاسی و ئێعدامی ٦٢ بەندیی کورد لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا




لە درێژەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی ساڵی ١٤٠٠ هەتاویشدا بە هەزاران حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕووی داوە. بەخێرایی چاوێک بەسەر چەند حاڵەتێکی زبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەم ساڵدا دەخشێنین:

### جینایەت و کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی

لە چەند جینایەتێکی کۆماری ئیسلامی لەمساڵدا سێ تێکۆشەری سیاسیی کورد تێرۆر کران. ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی پووشپەڕدا "ڕێبن (بێهرووز) ڕەحیمی"، خەڵکی سنە و چالاکی سیاسی لە دەوروبەری شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان تێرۆر کرا. هەروەها ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژیش مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر تێرۆر کرا و تەرمەکەی دوو ڕۆژ دواتر لە هۆتێلێکدا دۆزرایەوە. ڕۆژی ١٠ی بەفرانباریش تەرمی ئەحمەد بێخەم، چالاکی سیاسیی کوردی خەڵکی سەردەشت لە ئاپارتمانێکدا لە شاری هەولێر دۆزرایەوە. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژیش بە هۆی دەمەقاڵەی چەند کەسێکی تورک و کورد لە شاری نەغەدە شەڕ و هەڵپژانێک لە نێوانیاندا ڕووی دا و بە داخەوە گەیشتە چەک کێشان و تەقەکردن و دوو کەسی کورد بە ناوەکانی فەردین ئیبراهیمی و محەممەد عەلیزادە لەو ڕووداوەدا کوژران.

لە ماوەی ئەمساڵدا هەروەها ٦ بەندکراوی کورد لە زیندانەکاندا بەهۆی ئەشکەنجە و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لەدەست دا و لە درێژەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەم ساڵدا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەمساڵدا و بەهۆی تەقە و دەستڕێژی سەرەڕۆیانە ٢٥ کەس بەر کەوتن. لەو ٢٥ کەسە ٢١ کەسیان کوژران و چوار کەسەکەی دیکەشیان بەتوندی بریندار بوون.

### کۆڵبەرکوژی

لە کاتێکدا کۆڵبەرکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان بەشێکی سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانە،

لە ماوەی ئەم ساڵەدا ٢١٧ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن کە لەو ٢١٧ قوربانییەی ئەمساڵ ٥٥ کەسیان کوژراون و گیانیان لەدەست داوە، هەروەها ١٦٢ کەسیش بریندار بوون.

شایانی باسە لە ساڵی (١٣٩٩)یشدا ٢٢٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دابوو و بریندار ببوون. لەو ٢٢٨ قوربانییەی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی ٨٠ کەسیان کوژرابوون و هەروەها ١٤٦ کەسیش بریندار ببوون.

### ڕەشبگیر و گرتنەکان

لە ماوەی ساڵی ١٤٠٠دا ئەوەندەی سەرچاوەکانی هەواڵ پشتڕاستیان کردۆتەوە و دەستیان بە زانیارییەکان ڕاگەیشتووە، ٥٨١ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لەو ٥٨١ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ١٣١ کەسیان دادگایی و سزای لە مانگێک تا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ٦٦٨٩ مانگ (٥٥٧ ساڵ و ٥ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

جێی بیرهێنانەوەیە کە ساڵی (١٣٩٩) یشدا لانیکەم ٦٤٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون. لەو ٦٤٠ کەسەی لە ماوەی ساڵی ١٣٩٩دا دەسبەسەر کرابوون، لانیکەم ١٨٩ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ تا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان (سەرجەم ٨٨٢٥ مانگ) و تەنانەت سزای ئێعدامیان بە سەردا سەپابوو.

### ئێعدامەکان

ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٤٠٠دا لانیکەم ٦٢ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە دەردەکەوێ کە لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا، کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتووە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٤٠٠ لە کوردستان ئێعدام کراون، بەتۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست لەدار دراون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ساڵی پێشتریش (١٣٩٩) لانیکەم ٤٩ زیندانیی کوردی لەدار دابوو.

### قوربانییانی تەقینەوەی مین

ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ١٤٠٠دا لانیکەم ٧٠ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٣٣ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بووە. بەپێی زانیارییەکانی "چاونیوز" لەو ٣٣ کەسە ٢٣ کەسیان بریندار و نقوستان بوون و ١٠ کەسیشیان گیانیان لەدەست داوە. ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٥٠ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٣١ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا بوو. بەپێی زانیارییەکانی "چاونیوز" لەو ٣١ کەسە ٢١ کەسیان بریندار و نقوستان و ١٠ کەسیشیان کوژرابوون.

خاڵێکی گرینگ لە پێوەندی لەگەڵ تەقینەوەی مین لە کوردستان ئاشکرانەکردنی ناو و ناسناوی قوربانییان لەلایەن ناوەندی ڕەسمییەکانی حکوومەتە. بۆ نموونە مەجید کاکی، فەرمانداری شاری مێهران لە سەرماوەزی ئەمساڵ و لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی "فارس" ڕایگەیاند کە لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا، تەنیا لە شاری مێهران ٧ تەقینەوەی مین ڕووی داوە کە بەو هۆیەوە کەسێک کوژراوە و ١٠ کەسیش بریندار بوون، لە حاڵێکدا کە ناو و زانیاریی کەسیی ئەو ١١ کەسە لە هیچ سەرچاوەیەکی هەواڵدا تۆمار نەکراوە.

شایانی باسە زیاتر لە ١٦ میلیۆن مینی پاشماوەی شەڕی عێراق و ئێران لە خاکی ئێراندا هەڵنەگیراونەتەوە کە بەشی نیزیک بە تەواویان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان (هەر چوار پارێزگاکەی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ) نێژراون و دوای زیاتر لە ٣٣ ساڵ لە کۆتایی شەڕ هێشتا کۆ نەکراونەتەوە و پووچەڵ نەکراون.

### خۆکوژی

خۆکوژی لە کوردستان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زیانباری دیکەیە کە بەهۆی بێمافی و هەروەها پەراوێزخرانی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە خەسارەکانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ زیاترە. ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەمساڵدا لانیکەم ١٣٨ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوژییان داوە، هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو بووە و کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. "چاونیوز" دەڵێ ئاماری پەنابردن بۆ خۆکوژی لەو ماوە زەمەنییەدا زیاتر لە دوو هێندەی قوربانییانی ئەو دیاردەیە بووە کە یان خۆکوژییەکانیان سەرکوتوو نەبوون یان کەسوکاریان بەوەخت توانیویانە بە هانایانەوە بچن و لە مردن ڕزگاریان بکەن.

جێی باسە کە لە ساڵی پێشتر (١٣٩٩) شدا لانیکەم ١٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو، هەوڵەکانیان سەرکەوتوو ببوو.

### قوربانییانی ڕووداوی کار

ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کار لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٤٠٠دا زیاتر لە ١٣٠ کەس بووە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناسی ٥٥ کەس لەوانی تۆمار کردوە، ئەوە جیا لەو سەدان کەسەی بەهۆی ڕووداوی کار و لە نەبوونی ستانداردە ئەمنیەتییەکاندا بریندار و نقوستان بوون. "چاونیوز" ساڵی پێشتر (١٣٩٩)ش ناوی ٧٦ کرێکاری کورد لەو سەدان کرێکارەی بڵاو کردبۆوە کە ببوونە قوربانیی ڕووداوی کار.

گیان لەدەست دان و نقوستانبوونی کرێکاران لە کوردستان بەهۆی ڕووداوی کارەوە لە حاڵێک دایە کە تەنیا سەدی ١٠ی ئەم کرێکارانەی لە کاتی کارکرندا تووشی ڕووداوی کار دەبن بیمەن و، سەدی ٩٠ی کرێکاران، بە تایبەت کرێکارانی کەرتی بیناسازی لەژێر چاودێریی هیچ بیمەیەکدا نین.

هەروەها بارودۆخی کرێکارانی کورد لە ساڵی ١٤٠٠دا دڵتەزێنتر و نالەبارتر لە ساڵانی پێشوو بوو. بەهۆی پەتای کۆڕۆنا، قەیرانی ئابووری و ئاوسانی بازاڕ توانای کڕینی کرێکاران چەند هێندەی دیکەش لە کەمی دا. سەرباری ئەمەش مووچە و حەقدەستی کرێکاران لە زۆربەی کارخانە و ئیدارە دەوڵەتییەکانی وەک شارەوانی سێ مانگ و تەنانەت شەش مانگ دوا کەوت و ئەوە جیا لەوەی دەرکردن لە کار و بێکارکرانیان هەمیشە وەک مۆتەکە بەسەریانەوە بووە.

***

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی بەهاری ١٤٠٠ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=6764

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی هاوینی ١٤٠٠ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=7339

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی پاییزی ١٤٠٠ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=7765

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی زستانی ١٤٠٠ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
https://chawnews.com/?p=8090

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧

(٢-٣)



پێشەوا عەلیپوور




### خۆڕاگریی کوردستان

هەر لە ڕۆژ و مانگەکانی سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو هەموو ئەو کێشە گەورە و بچووکانەی کە ڕێژیمی نوێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆخۆی دروستی کردبوون و نیشانی دابوو کە تێگەیشتنی دروست و واقعبینانەیان لە ئیدارەی وڵات و سیاسەت نییە، لە نێوخۆی وڵاتیش بە ئاگر و ئاسن وەڵامی ویست و داخوازییەکانی گەلانی ئێرانیان دەدایەوە. بەڵام لەو نێوەدا ئەوە کوردستان بوو کە قورس و قایم ڕاوەستا.

سێ مانگ هێرش و شەڕی نابەرامبەر دژی کوردستان و خوڵقاندنی جینایەت و کارەساتگەلی وەکوو قاڕنێ و داگیرکردنی شارەکانی مەهاباد و سەردەشت و بۆکان و ....، بە خۆڕاگری و تێکۆشانی پێشمەرگانە وەڵام درایەوە؛ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا بڕیاری خەباتێکی درێژخایەنی پارتیزانیی لەدژی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاند.

لە جادەی سەردەشت-پیرانشار پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات زەبرێکی گورچووبڕیان لە سپایەکی پۆشتە و پەرداخی ڕێژیم دا و جودا لەوەی تانک و تۆپی ئەو هێزە تێک شکان، بە دەیان کەسیش لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران. حەماسەی قارەمانەتیی پێشمەرگە و ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، شار بە شار و دێ بە دێ دەنگی دایەوە.

کوردستان یەکپارچە ببوو بە مەیدانی بەرەنگاری، خەڵکی مەهاباد لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا وەفاداریی خۆیان بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد دووپات کردەوە، ئەو دوو حەماسەی شاخ و شار، گوڕوتینێکی نوێی بە تێکۆشان دا.

شارەکان یەک لەدوای یەک لەدەست داگیرکەر ڕزگار کران و بنکەکانی حیزب جارێکی دیکە لە مەهاباد و بۆکان و... دەستیان بە تێکۆشان کردەوە.

لەیەک ڕستەدا ویستی خەڵک بەسەر ئاگر و باڕووتدا سەرکەوت.

### پەیامی حیزبی دێموکرات بۆ ئاشتی

لە جەنگەی ئەو سەرکەوتنانەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ نامەیەکی سەرئاوەڵەی ڕوو بە گەلانی ئێران و حیزب و لایەنە سیاسی و پێشکەوتووەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند کە "ئێمە ئەو نامەیە لە هەلومەرجێکدا دەنووسین کە لە ڕاستیدا جگە لە هەندێ شاری کوردستان، سەرانسەری کوردستان کەوتۆتە بەردەستی پێشمەرگە کوردەکان". لە درێژەی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە "ڕاوەستانی ئەو شەڕە بە قازانجی هەموو خەڵکی ئێرانە و بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش پێویستە". حیزبی دێموکرات لەو نامەیەدا چوار مەرجی بۆ ئاگربەست دانابوون کە بریتی بوون لە:

- دابینکردنی ئازادییە دێموکراتیکەکان لە کوردستان و سەراسەری ئێران و هەروەها ئازادکردنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات.
- کۆکردنەوەی پاسدارە لاوەکییەکان لە سەرجەم کوردستان کە مایەی دووبەرەکی و ئاڵۆزی بوون.
- کورتکردنەوەی دەستی ئەرتەش لە دەستوەردان لەکاروباری نێوخۆ و دیاریکردنی ئەرکیان تەنیا وەک پارێزەری سنوور.
- ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و ڕاگرتنی حوکمی ئیعدامی خەباتکاران.

### وەڵامی خومەینی بە نامەی حیزبی دێموکرات

ئەم نامەیەی حیزبی دێموکرات کە لە پێگەی هێزەوە بڵاو بۆوە، دۆخەکەی گۆڕی. سەرەنجام ئەو ئاخوندەی کە سێ مانگ پێشتر فتوای جیهادی لەدژی کورد دا، دانی بە شکستی خۆی دانا و ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر لەپەیامێکدا داوای لە هەموو لایەک کرد کە لوولەی چەکەکانیان ڕوو لە دوژمنی هاوبەش بکەن و بەڵێنی دا کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستان چارەسەر بکا. ئەو هەروەها بەڵێنی دا هەیئەتی دەوڵەت ڕاسپێری کە لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان وتووێژ بکەن. خومەینی لە پەیامەکەیدا، گرووپێکی لەژێر ناوی "بەدخواهان" وەک تاوانبار بە تێکدانی نێوانی نەتەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندی، ناساند.

بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی خومەینی لەو پەیامە و ڕاگرتنی شەڕ تەنیا ئەوە بوو کە کات بکڕێ بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی خۆیان ڕێک بخەنەوە و جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر کوردستان.

### وەڵامی حیزبی دێموکرات بۆ پەیامی خومەینی

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوکات لە سیمینارێکی تەشکیلاتیی تایبەتدا ئەم پەیامەی هەڵسەنگاند و بەشداربووانی سیمینارەکە پێیان وابوو کە بۆ ڕێگریکردن لە کوشتاری خەڵک پێویستە حیزبی دێموکرات پێشوازی لەو پەیامە بکا. ئەوە بوو کە دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر لە میتینگێکدا لە شاری مەهاباد ئامادەیی حیزبی دێموکراتی بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نیشان دا و تەنانەت لە وتارەکەیدا وشەی "لبیک"ی وەک وەڵام بۆ پەیامی خومەینی بەکار هێنا کە ئەوپەڕی نیازپاکی بوو. ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە پێک هاتبوون لە: مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی وەک سەرۆک، حیزبی دێموکرات وەک وتەبێژ و کۆمەڵە و چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران-لقی کوردستان وەک ئەندام.

ئەم دەستەیە گەڵاڵەیەکیان لەبارەی خودموختاریی کوردستانی ئێران ئامادەکرد، بەڵام هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ دەستەی نوێنەرانی کورد، قەت ئامادە نەبوو بە شێوەیەکی جیدی لەگەڵ نوێنەرانی کورد دابنیشێ و ڕا و سەرنجەکانی سەبارەت بەم گەڵاڵەیە بهێنێتە گۆڕێ. هۆکارەکەشی ڕوون بوو کە تاران بەدوای وتووێژەوە نەبوو، بەڵکوو وەدوای کات کڕین بۆ سەقامگیری ڕێژیمی نوێ و تەیارکردنی هێزە چەکدارەکانی بوو.

### هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات

ڕێژیمی نوێ بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی دێموکراتیک لەخۆی، ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەست پێ دەکرد، بەڵام ئەو دێموکراسییەی کۆماری ئیسلامی لە ئەساسدا وەک هیچ نیزامێکی دێموکراتیک نەدەچوو! مەیدانی خۆپاڵاوتنیان تەواو بەرتەسک کردبۆوە، لەلایەک لە ڕێگای یاسای بنەڕەتی مافی خۆپاڵاوتنیان لە بەربژێری کورد ئەستاندبۆوە، لەلایەکی دیکەش لە دەیان پاڵێوراو تەنیا ١١ کەس شیاویەتییان بۆ چوونە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردن پەسەند کرا!

ئەوکات بەهۆی ئەوەیکە مەسعوود ڕەجەوی وەک پاڵێوراوی پۆستی سەرۆک کۆمار لە بەرنامەی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتیی کوردی وەکوو بناغەیەک بۆ دانووستان قەبووڵە، حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکا و دەنگ بە ئاغای ڕەجەوی دەدا.

بەڵام خومەینی کە پێکەوەژیان و دێموکراسی هەر لە زاتیدا نەبوو، بە بڕیارێک مەسعوود ڕەجەویی لە لیستی بەربژێرەکاندا لابرد، هەربۆیەش حیزبی دێموکرات ڕایگەیاند کە بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا ناکا.

هەڵبژاردن ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بەڕێوە چوو و ئەبولحەسەن بەنیسەدر بە سەرۆک کۆمار دیاری کرا، دیارە بەنیسەدر پێشتر لە هەندێ لێدوانی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە باوەڕی بە خودموختاری لە کاروباری نێوخۆییدا هەیە. بە سەرنجدان بەو پاشخانە فکرییە، حیزبی دێموکرات لەنامەیەکدا بۆ بەنیسەدر ڕایگەیاند کە: "ڕاستە ئێمە لە هەڵبژاردندا بەشدار نەبووین و دەنگمان بە جەنابت نەداوە، بەڵام ڕێز بۆ دەنگی زۆربەی خەڵکی ئێران دادەنێین و جەنابت بە سەرکۆماری هەموو ئێران دەزانین. بۆیە پێمان خۆشە وەختێک دیاری بکەی کە دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی ئێمە بۆ وتووێژ دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بێنە تاران و چاویان بە جەنابت بکەوێ."

### کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات لە تەنیشت دانووستان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، هەوڵی دەدا کە لە دەرفەتی ئاگربەستدا خۆی ڕێک بخاتەوە و ئامادەکارییەکانی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەست پێ بکا.

٣١٠ نوێنەر کە نوێنەرایەتی ٣٠ هەزار ئەندامیان لە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە جۆراوجۆری ڕەگەزییەوە دەکرد، ٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە مەهاباد کۆبوونەوە و سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات لە پانتایی سەراسەری کوردستان و لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی پێگەی هەیە.

کۆمەڵێک بڕیار لەو کۆنگرەیە پەسەند کران وەکوو:

- پێداگری لەسەر دێموکراسی بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامیی ژیانی سیاسی و بەهێزبوونی شۆڕش.
- چارەسەری پرسی نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی ئینسانی و دادپەروەرانە.
- چارەسەری پرسی کورد و دابینکردنی خودموختاری لە ڕێگای ئاشتییانە.
- سزادان و دادگایی کردنی بەکرێگیراوان و سەپێنەرانی شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا.
- سزادانی بکەرانی کارەساتی گوندی قاڕنێ.
- پاککردنەوەی ئەرتەش و دامەزراوەکانی دیکە لە بەکرێگیراو و گرێدراو بە ڕێژیمی پێشوو.
- چارەسەری کەلێنەکانی یاسای بنەڕەتی بە زیادکردنی دەقێکی تەواوکەر.
- ڕەخساندنی کەشێکی دێموکراتیک بەمەبەستی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شوڕای میللی.

### سەردانی هەیئەتی حیزب بۆ لای بەنی سەدر بۆ تاران

بەدوای تەواوبوونی کۆنگرەی چوارەم وەڵامی نامەی بەنیسەدر، سەرۆک کۆماری ئێران بۆ حیزبی دێموکرات گەڕایەوە و ڕۆژی ٩ی ڕەشەمەی بۆ دیدار لەگەڵ هەیئەتی حیزب دیاری کرا، لەو دانیشتنەدا هەیئەتی دەوڵەت بە سەرپەرەستیی بەنیسەدر داوای گەڵاڵەی پێشنیاریی حیزبی دێموکراتی کرد بۆ چارەسەری پرسی کورد، هەیئەتی حیزب گەڵاڵەیەکی ٦ ماددەیی بە پاشکۆیەکی ٨ ماددەیی ڕادەستی هەیئەتی دەوڵەت دەکەن.

گەڵاڵەی پێشنیاریی هەیئەتی حیزب کە بە ناوی شەش ئەسڵی خودموختاری ناوی دەرکرد بەم شێوەیە بوو:

- چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە شێوەی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا و گونجاندنی ئەم مافانە لە پاشکۆی یاسای بنەڕەتیدا. (کە پێیان دەگووت "موتەمیمی قانوونی ئەساسی").
- دیاریکردنی چوارچێوەی جوغرافیای کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تاریخی، جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتووان.
- هەڵبژاردنی شوڕایەکی سەرانسەری بۆ کوردستانی خودموختار.
- هەڵبژاردنی هەیئەتی ئیجرایی بۆ کاروباری ئابووری، فەرهەنگی، ئیداری و ئینتزامی لەلایەن شوڕای سەراسەری.
- بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لە کوردستانی خودموختار بۆ نووسینی نامەی ئیداری و هەروەها خوێندنی لە تەنیشت زمانی فارسی.
- کاروباری نێوخۆیی چ ئیداری، چ ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئینتیزامی بە ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار بسپێردرێ.

لەکۆتایی گەڵاڵەکەشدا پێشنیار کرابوو کە بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کوردستان و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی شەڕ، کۆمەڵێک ڕێکار بگیردرێتە بەر کە لە ٨ ماددەی پاشکۆ پێک هاتبوو.

هەیئەتی دەوڵەت ئەم گەڵاڵەیەی ڕادەستی "شوڕای ئینقلاب" کرد و شوڕای ئینقلابیش بێ سێ و دوو گەڵاڵەکەی ڕەت کردبۆوە.

### هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی و پێگەی حیزبی دێموکرات

شوڕای ئینقلاب کە پێشتر تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی یاساغ کردبوو و دواجاریش بەم شێوەیە وەڵامی گەڵاڵەی پێشنیاریی نوێنەرانی حیزبی دابۆوە، مەیدانەکەیان لە ڕەقیب و نەیاری خۆیان بەتاڵ کردبوو و پێیان وابوو کە جادە تەخت و چۆڵە بۆوەی دەست و پێوەندەکانی خۆیان، کورسییەکانی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس مسۆگەر بکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات دەستبەرداری بەشداری لەو هەڵبژاردنە نەبوو، چونکە مەجلیس وەک ناوەندێکی یاسادانان گرنگیی خۆی هەبوو و هەمیش پێگەی جەماوەریی حیزب لەو هەڵبژاردنەدا دەردەکەوت. هەروەها حیزب دەیهەویست بە دەوڵەت بڵێ نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک کێیە و بزانن لەگەڵ کێ تەڕەفن و دەبێ لەگەڵ کێ وتووێژ بکەن.

لە دەستەی نوێنەرایەتی کورد ئەو بیرۆکە هاتە گۆڕێ کە سەرجەم بەربژێرەکان بەسەریەکەوە دیاری بکەن و چوار لایەنی بەشدار لە دەستە بە لایەنگرانیان بڵێن دەنگیان پێ بدەن، بەڵام سێ لایەنی دیکەی نێو دەستە ئامادە نەبوون تەنانەت نیوەی بەربژێرەکانیش لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دیاری بکرێن، هەربۆیە حیزبی دێموکرات بە جیا هاتە مەیدان و بەربژێرەکانی خۆی بە خەڵک ناساند.

ئەگەرچی هیچ کام لە بەربژێرەکان ئاماژەیان بە ناوی حیزبەکانیان نەکردبوو، بەڵام هەم خەڵک و هەم دەوڵەتیش دەیزانی کێ بەربژێری کام لایەنە. سەرەنجام ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی میللی دەستی پێ کرد و لە ئاکامدا بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات لە کوردستان، ٥٧٪ تا ٩٧ ٪ دەنگەکانیان مسۆگەر کرد. ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە پێگەی حیزبی دێموکراتی بە دۆست و دوژمن نیشان دایەوە.

ڕێژیم کە لە بنەڕەتڕا باوەڕی بە هەڵبژاردنی ئازاد نەبوو و چاوی بە سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات هەڵنەدەهات، ئەمجارەش کەوتە خۆ و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی لە کوردستان هەڵوەشاندەوە. خومەینی و دەوروبەرەکەی کە سەرمەست لە سەرکەوتن یاساکانی خۆشیان پێشێل دەکرد، نێوەرۆک و واتایان بۆ هەڵبژاردن و دێموکراسی نەهێشتەوە.

### سەرهەڵدانەوەی شەڕ و شەڕی دووهەمی سنە

ڕێژیم ئەو ماوەیە دەرفەتی هێنا و جارێکی دیکە سوپاکەی پۆشتە و پەرداخ کردەوە و لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٨ لەگەڵ ئەوەدا کە کوردستانیان لە ڕووی ئابوورییەوە گەمارۆ دابوو، دیسان هێرشەکانی ڕێژیم لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کردەوە.

ئەرتەش بە پشتیوانیی دەرەبەگەکان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات بە تانک و تۆپ و فانتۆم و هێلیکۆپتێر، هێرشیان کردە سەر جوتیاران و لە ناوچەکانی خوارووی کوردستانیش بە بیانووی مەترسیی هێرشی عێراق، هێزێکی پۆشتە و پەرداخ بەرەو

درێژە بۆ لاپەڕەی ٦

## عومەر باڵەکی:

# پێشەوا کەسایەتیی کاریزما و تابۆشکێنی سەردەمی خۆی بوو

**وتوویژ: کاروان مێراوی**

بەرایی: ٧٥ ساڵ لەوە پێش سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بە بەخشینی سەر و گیانی خۆی، بەڵێنی گەورەی خۆی بە نەتەوەکەی بردە سەر. ئەگەرچی ١٠ی خاکەلێوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا ڕۆژێکی تاڵ و کارەساتبارە، بەڵام هاوکات بوو بە ئیلهامدەری ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکرات تاکوو لە پێناو ئامانجە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا شێلگرانەتر درێژە بەو ڕەوتە خەباتەی ڕێچەی کۆمار و ڕێبازی ئێسەوا بن. شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، دوو سکرتێری حیزبی دێموکرات لە دوای پێشەوا و شەهیدبوونی دەیان ئەندامی تری ڕێبەریی ئەم حیزبە بەڵگە ڕاستەقینەی ئەم ڕاستییەن.

"کوردستان" لە یادکردنەوەی ساڵڕۆژی ساڵەی شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانیدا بۆ باس لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی نەمریان وتووژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهێناوە و سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.


**کەسایەتیی کاریزماتیکی پێشەوا بە ئەندامەتیی لە کۆمەڵەی "ژ- ک"دا گەشەی کرد. چۆن بوو دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە داوا لە پێشەوا کرد بێتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە وا باشترە بەپێی سەرچاوە بەردەستەکان وێنای هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچەکە و بەتایبەتی شاری مەهاباد بکەین، ئەو کات بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە بەر چ هۆکارێک کۆمەڵەی ژێ-کاف داوا لە پێشەوا دەکات ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە و تەنانەت بەرپرسایەتیی ڕێکخراوەکەش بخەنە سەر شانی. لەو سەردەمدا بە هۆی هەبوونی سپای سۆڤیەت لە باکوور و باکووری ڕۆژاوای ئێران و بوونی سپای ئینگلیس و ئەمریکا لە باشووری ئێران، جۆرێک لە بۆشاییی دەسەڵاتی ناوەندی لە زۆر ناوچەی ئێران و بەتایبەتی لە موکریان ببووە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەتا ڕادەیەک ئاڵۆزی و پشێوی ساز ببێت، لەو هەلومەرجەدا قازی محەممەد بۆ پاراستنی شار (واتە مەهاباد) لە هێرشی عەشیرەتەکانی دووروبەر، خەڵکی هان دا بۆ کڕینی چەک بۆ پارێزگاری لە خۆیان و بنەماڵەکانیان و بەگشتی پاراستنی شار. قازی محەممەد ئەو خەڵکەی ڕۆژانە لە شوێنێک کۆ دەکردنەوە و لەبارەی شێوەی پاراستن و بەرگریکردن قسەی بۆ دەکردن و شەوانەش خۆی سەردانی شوێنی ئێشکگرەکانی دەکرد، ئەمە بێجگە لەوە بوو کە ڕۆژانە لە دادگا دادەنیشت و بە کێشە و گرفتی خەڵک ڕادەگەیشت. بەو شێوەیە لەڕاستیدا شاری مەهاباد و دوروبەری بەتەواوەتی لە دەستی پێشەوادا بوو و کەسایەتیی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە تەنانەت سەرۆک عەشیرەکانی ناوچەکەش ڕێزیان لێ دەگرت و لە قسەی دەرنەدەچوون.

هەربۆیە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی ژ-کاف بەباشی هەستیان بەوە کردبوو کە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵە پێویستیان بەوە هەیە کە کەسایەتییەکی وەک پێشەوا ڕێبەریی کۆمەڵە بەدەستەوە بگرێت و لەو تێڕوانینەشدا بە هەڵە نەچووبوون؛ چونکە هەر کە پێشەوا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ-کاف و دوای ماوەیەک وەک ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە لەنێو خەڵکدا دەرکەوت، خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی کوردستان و بە ایبەتی لە ناوچەی موکریان پەیوەست بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژ-کاف بوون.

**پێشەوا بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان کامانە قۆناغی بڕی؟**

پێشەوا دوای ئەوە بە فەرمی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-کاف، هەستی بەوە کردبوو کە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژ-کاف لە کار و تێکۆشانی خۆیدا هەتا ڕادەیەکی بەرچاو لە کاری ڕێکخراوەیی و بەتایبەتی ئەندامگیری و تەبلیغاتدا، دوا خراوە و زۆر بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە و ئەو شێوە کارە ناتوانێت وەڵامدەری ئەو هەلومەرجە بێت، بە واتایەکی دی کۆمەڵەی ژ-کاف لە توانایدا نەبوو کە بتوانێت ئەو هەلومەرجە تایبەتییە بە قازانجی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بقۆزێتەوە. بۆیە پێشەوا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ-کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە شێوازی سەردەمیانە داڕشتەوە، حیزبەکەی پێشەوا کە خاوەنی بەرنامە و ڕێبەری بوو، بە شێوەی ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و هەموو وزە و توانای خۆی بۆ پتەوکردنی نێوماڵی کورد وەگەڕ خست، لە نێوخۆی کوردستاندا دەستی کرد بە کار و تێکۆشان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و لە هەمان کاتدا کەوتە وتوویژ و دانوستان لەگەڵ دوڵەتانی زلهێز و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەت کە لە ناوچەدا هەبوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرگی حیزبێکی مودێرندا هەوڵی دا مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سیستمێکی کۆماریدا وەدی بێنێت و بۆ ئەوە پێش دامەزراندن و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی پێشەوا، هەموو ئەو پێویستییانەی کە دەوڵەت و سیستمێکی سیاسی و حوکمڕانیی پێ دەناسرایەوە، وەک ئاڵا، سپای نیشتمانی، سروودی نەتەوایەتی و سیستمی بەڕێوەبەری و پەروەردەیی ئامادەکارییان بۆ کردبوون. هەربۆیە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی)دا هەموو ئەو هێمایانە دەبیندرێن و پێشەوا وەکوو سەرۆککۆماری کۆماری کوردستان وتاری پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.



**پێشەوا کەسایەتییەکی ئایینی بوو، ئەدی چ شتێک بوو بە هۆکاری ئەوەی کە نیشتمان و نەتەوە بخاتە پێش ئایینەوە؟**

باسکردن و لێکدانەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا کارێکی دژوارە، چونکە زۆر لایەنی جۆراوجۆری کەسایەتیی پێشەوا دەکرێت توێژینەوەیی ئاکادمیکی لەسەر بکرێت. ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستن و باس لە تایبەتمەندییەکانی پێشەوا دەکەن، هەموویان لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە پێشەوا لەو کاتەوە کە توانیویەتی بنوسێت و بخوێنێتەوە، لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەرگرتووە بۆ فێربوونی زانست و هەر ئەو هۆگرییەی بە زانستی سەردەم تواناکانی بە چەشنێک بردووەتە سەر کە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بە ماموستا ناسراوە. پاش تەواوکردنی زانستی ئایینی و ڕێپێدانی مەلایەتی، بە شێوەی مەلای مزگەوتێک نەجووڵاوەتەوە و لە حوجرە دانەنیشتوە،؛ بەڵکوو چالاکانە خەریکی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕاپەڕندنی کاری خەڵک بووە، خەمی گەورەی پێشەوا دواکەوتوویی نیشتمان و گەلەکەی بووە، هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتێک کەلکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی چەندی دەکرێت نەتەوەکەی لە زانست و پێشکەوتنی ئەو سەردەمە نزیک بکاتەوە، بۆ ئەو کارانەش کە دەیکردن چاوی لە هیچ پاداشتێکی ماددی نەبووە. بۆ نموونە بێ ئەوەی مووچەی مانگانە لە حکوومەتی ئەو کات وەربگرێت، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەریی فەرهەنگی مەهابادی گرتە ئەستۆ، بەردی بناغەی یەکەم نەخۆشخانەی لەو شارە لەسەر پارچە زەوییەکی خۆی دانا، هەروەها بە هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوا یەکەم قوتابخانەی خوێندن بۆ منداڵانی کچ و کوڕ لە شاری مەهاباد دامەزرا. لەو بارەوە باشترین نموونە گۆڤاری "هەڵاڵە"یە کە لە ژمارە ٢ی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی و لە وتارێکدا بەم شێوەیە باسی پێشەوا دەکات: "هەر لە منداڵیەوە خاوەنی گیانێکی بەرز و دڵێکی بەهێز بووە و نیشانەی گەورەیی و ئازا و ڕەشیدی و لەخۆبوردوویی تێدا دیاری داوە، ئاکارێکی جوانی هەیە و لەگەڵ هەموو تەبەقەیەک تێکەڵی دەکات و بەتایبەتی نیشتمانپەروەری لەگەڵ ڕەگ و خوێنی تێکەلە. زۆری علاقە بە تەرەقی و عیلم و زانست هەیە، لەبەر ئەوە لە تافی جوانیدا چەند ساڵ بۆ خۆی ڕیاسەتی فەرهەنگی سابڵاغی وەعودە گرت و دەرسی نیشتمانپەروەری و میللەتی بەتەواوەتی فێری نەسلی تازەکرد."

**کاک عومەر جەنابتان لە وتوویژێک لەگەڵ "کوردکاناڵ"دا پێشەواتان بە کەسایەتییەکی تابۆشکێن پێناسە کرد، لەم بارەیەوە زیاتر باس بفەرموون؟**

ئەوە کە دەڵێین پێشەوا تابۆشکین بووە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دژایەتیی هەندێک دابونەریتی کردووە کە بەربەست بوون لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە. لەسەردەمی ئەو کاتدا کە هێشتا سیسەتمی عەشیرەیی و کۆمەڵێک دابونەریتی دواکەوتووانە باڵیان بەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەدا کێشابوو، پێشەوا بێ گوێدان بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستان لەگەڵ خەڵکی بیانی و غەیرە دینان هەستان و دانیشتنی هەبووە، هاتوچووی کردوون و لێیان فێری زمان و دابونەریتی ڕۆژاوایی بووە. بێجگە لەوە ئەو کارانەی پێشەوا لەو سەردەمدا کردنی نەک لە ئێران، بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نموونەی نەبیندراوە، وەک: بە ناچاریکردنی خوێندن بۆ منداڵان بەبێ جیاوازیدانانی ڕەگەزی، یان خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی هەینی بە کوردی و کەڵکوەرگرتن لە خوتبە بۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان کاتدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکدا. یان دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوەی کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی کاری سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان. هەروەها ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان.

**ڕەهەندێکی دیکەی دەرکەوتنی کەسایەتیی پێشەوا لە دادگاییکردنەکەی و بەرگرییەکانی بوو، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتە چییە؟**

جاری پێش هەموو شتێک پێویستە بڵێم کە بەپێی ئەو بەڵگانەی هەتا ئێستە کەوتوونەتە بەردەست، ئەو بەناو دادگایە هیچ پێوەرێکی دادوەرانەی بۆ دادگاییکردن تێدا بەدی نەکراوە. یەکەم ئەو دادگایە بەپێی ئەوەی کە دادوەر و دادئەستێنەکانی هەموو سەبازی بوون، کەواتە دادگاکە سەربازی بووە، لە کاتێکدا پێشەوا و هاوڕێیەکانی هیچ کامیان کەسایەتیگەلێکی سەربازی نەبوون و لە بەرەی شەڕدا دەستبەسەر نەکرابوون؛ تەنانەت هیچ بەڵگەیەک بە دەستی ئەو دادگایەوە نەبوو کە پێشەوا لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیشیدا وەک سەرۆککۆمار فەرمانی هێرشی بۆ سەر هێزە سەربازییەکانی ئێران دەرکردبێت، بۆیە پێشەوا هەر لە سەرەتاوە لەهەمبەر سەڵاحییەتی دادگا ناڕەزایەتی دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە ئەو دادگایە سەڵاحییەتی نییە، چونکە ئەوان کەسی مەدەنین و ئەگەر هەر دادگایی دەکرێن، دەبێت لە بەردەم دادگایەکی مەدەنیدا وڵامدەر بن.

ئەوەی کە دەوترێت پێشەوا دادگای دادگایی کردووە، تەنیا قسەیەک نییە لەخۆڕا کرابێت، بەڵکوو ئەوە بەڵگەیەکی مێژووییە لە ئازایەتی و بوێریی پێشەوا کە لەو کات و ساتە دژوارەدا چارەنووسی ژیانی خۆی و برا و ئامۆزاکانی بەند بوون بە هەڵسوکەوتی ئەو لە بەرانبەر ئەفسەرانی ڕێژیمی پاشایەتی کە بە ڕوواڵەت لەسەر کورسیی دادگا دانیشتبوون و پێشەوا و هاوڕێیەکانیان دادگایی دەکردن، بەڵام پێشەوا هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەسەرکردنی بە چارەنووسی خۆیانی دەزانی و دەیزانی کە مەرگ چاوەڕوانیانە، کەچی بەو حاڵەش لە هەر دوو جار دادگاییکردنیدا و لە هەموو ماوەی بەندیخانەدا لەبەر دوژمن نەپاڕایەوە و داوای بەخشینی نەکرد؛ بەڵکوو ئازایانە بەو سوێندە وەفادار مایەوە کە لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لە بەردەم ٢٠ هەزار کەس لە خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا خواردبووی. پێشەوا باش دەیزانی ئەوە قازی محەممەد نییە دادگایی دەکرێت، بەڵکوو جووڵانەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستانە دادگایی دەکرێت، ئاوات و ئامانجەکانی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانە کە دادگای سەربازی بە تاوانیان دادەنێت؛ هەربۆیە وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو و وەفادار بە ئامانجەکانی لە دادگا و لە بەرانبەر ڕاسپێردراوەکانی شادا ڕاوەستا و ئازایانە بەرگریی لە کۆماری کوردستان کرد.

**دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەک بکەن؟**

بۆ نموونە، پێشەوا لە وەڵامی داواکاری گشتیی سەبازیدا کە دەڵێت بۆچی نەڕۆیشتی و مەهابادت جێ نەهێشت، دەبێژێت: یەکەم لەبەر بەڵێنێک کە داومە بە نەتەوی خۆم و پەیمانم داوە لەنێویاندا بژیم. دووهەم بۆ ئەوەی بەر بە خوێنڕێژی بگرم و تەنیا لەبەر زیندوومانەوەی من، کۆمەڵکوژی نەکرێت. سێهەم ئەگەر من ڕۆیشتبام زۆر کەستان لە خەڵکی مەهاباد و نەتەوەی کورد لەجیاتی من لەنێو دەبرد. باشترین نموونەش بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بێجگە لەوانەی کە باسمان کردن، دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی سەروان شەریفی کە حکوومەتی پاشایەتی وەک پارێزەری تەسخیری بۆ پێشەوا دیاریی کردبوو بکەین. دیارە ناوبراو لە ڕەوتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی دادگا ڕواڵەتییەکەدا بەشدار بووە، بەڵام نە ڕێگەی ئەوەی پێ دراوە کە دەستی بە پەڕاوەکانی دادگا ڕابگات و نە ڕێگەی پێ دراوە کە لە پێگەی پارێزەردا بەرگرییەکانی خۆی پێشکەش بکات، تەنانەت لە سۆنگەی گێڕانەوەکانی دادگاوە نەیانهێشت پلەی سەربازیی بچێتە سەرەوە، لە کاتێکدا ئەو ساڵە ساڵی بەرزکردنەوەی پلەکەی بوو. ناوبراو ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (دە ساڵ دواتر) لەسەر پێشەوا و دادگاییکردنەکەی ئاوا دەدوێت: "بەداخەوە بۆ قازی محەممەد، ئەو پیاوە گەورە و دانایە، قازی محەممەد لە بەردەم دادگادا بەوپەڕی ژیری و بێ ترس دەدوا. لەڕاستیدا ئەوە ئەو بوو دادگای دادگایی دەکرد..."

**کەواتە لەخۆڕا نییە کە د. قاسملوو دەفەرموێ پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو؟**

ئەوە کە شەهیدی ڕێبەرمان د. قاسملوو فەرمووی پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو، بەپێی هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردستان بەتەواوەتی ڕاستە، چونکە چەندی بە ناخی ئەو مێژووەدا دەچیە خوارێ، کەسایەتیی پێشەوا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە زیاتر و زیاتر بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی کە کۆمەڵگەی کوردستانی نزیک بە ١٠٠ ساڵ لەوەپێش وێنا دەکەی کە هێشتا زانستی سەردەم بەو شێوە بەربڵاو ڕووی تێ نەکردوە، قوتابخانەکان دانەمەزراون، ڕایەڵکەی عەشیرەیی بە هەموو یاسا و ڕێساکانی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە، دنیای دەرەوە بۆ تاکی کورد نامۆیە و کەمترین زانیارییان لە دەرەوی کوردستان هەیە و زۆر بابەتی دیکەی بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری کە زاڵن بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام دەبینین کە پێشەوا لە سەردەمدا هەر وەک باسمان کرد بۆ فێربوونی زمان و زانست گوێ بە سەرکۆنە و تەوس و پلاری کۆنەپەرستانی ناوچەکە نادات و ڕووی لە خەڵکی بێگانە و غیرە دین کردووە و توانیویەتی بە زمانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، ئینگلیزی و ڕووسی قسە بکات. ئەو باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و دەنگی خەڵک و ڕاوێژ هەبووە و لە دنیای سیاسەتدا کەسێکی ڕیئالیزم بووە و هیچ کات ئاوات و ئارەزووی لە جێی ڕاستییەکان دانەناوە، هەموو کات ویستیاری یەکیەتی و تەبایی نێوماڵی کورد بووە و هەموو هەوڵێکی داوە یەکیەتیی نەتەوەیی لە کوردستان پێک بهێنێت. جیا لەوانە بە دەیان تایبەتمەندیی دیکە پێشەوای لە کەسانی سەردەمی خۆی جیا کردووەتەوە، بۆیە د. قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا دەیەوێت بە واتای ڕاستەقینە کەسایەتیی پێشەوا بۆ نەوەکانی داهاتوو نیشان بدات: "شەخسییەتی قازی محەممەد پێوێستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسییەتە مەزنە لە مێژووی گەلی کورددا پلە و مەقامێکی تایبەتی و بەرزی هەیە کە پێویستە لاوانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵی ئاشنا بن و لە ژیانی دەرس وەربگرن، هەرچەند تەمەنی زۆر درێژ نەبوو. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لەنێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا . .... لەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو، لەنێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخویندەواردا دەژیا. گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو. بەڵام دیسانەکە لە گەلی خۆی نیزیک بوو، دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو، لە هێنانەگۆڕ و دەرخستنی ئەو دەرد و ئازار و هیوا و ئاواتانەدا لە هەموو کەس سەرکەوتووتر بوو. بەخۆڕایی نەبوو کە لای خەڵکی کوردستان ئەوەندە خۆشەویست بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا خەڵک نازناوی پێشەوای پێ دابوو".

**زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.**

ئێوەش ماندوو نەبن کە بایەخی تایبەتیتان بەو بابەتە دا.

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

# بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی لە سێدارەدرانی پێشەوا و هاوڕێیانی!



**خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستان!**
**ئازادیخوازانی ئێران!**

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ ٧٥ ساڵ بەسەر لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستان و هاوڕێیانیدا تێ دەپەڕێ. ٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا لە بەرەبەیانیی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی (بەرانبەر بە ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی) پێشەوا قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازی لەلایەن حکومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران و بوونە سەرقافڵەی کاروانێک کە تا ئێستاش لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورددا هەر بەردەوامە.

پێشەوا قازی محەممەد لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری کورد پەروەردە بوو و بنەماڵەکەیان جێگەی ڕێزی خەڵکی ناوچەکە بوو. زانایی و پێگەیشتوویی قازی محەممەد بووە هۆی ئەوەی کە ببێتە جێگەی ڕێزی خەڵک و جێی باوەڕی "کۆمەڵەی ژێکاف" و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە داوای لێ بکرێ ببێتە ئەندامی ژێکاف. قازی محەممەدی نەمر لە ماوەیەکی کورت لە مەیدانی سیاسەتیشدا خۆی نیشان دا، "کۆمەڵەی ژێکاف"ی لە ڕێکخراوێکی داخراوەوە کردە حیزبێک کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆی تێدا ببیننەوە. پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند و ئەو حیزبە لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران ئەندامی لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆکردەوە. قازی محەممەد بوو بە پێشەوای حیزبی دێموکرات و لە ماوەیەکی کورتدا و لە هەنگاوێکی بوێرانەدا لەو دەرفەتەی کە بۆ کورد هەڵکەوتبوو، یەکەمین کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراند کە لەو کات و سەردەمەدا ئەم هەنگاوە بڕیارێکی ئازایانە و بیرێکی بەهێزی نەتەوەیی و نیشتمانیی پێویست بوو کە پێشەوا و هاوڕێیانی بە لەخۆبوردوویی خەونی نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەتیان وەدی هێنا. پێشەوا بوو بە سەرۆک کۆماری کوردستان و کۆمار بوو بە جێگەی هیواو ئومێدی خەڵکی کوردستان و نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆماریان بە قیبلەی هیوا و ئاواتەکانیان زانی و هەموویان لە دەوری ئاڵای کۆمار کۆبوونەوە. کۆمار بوو بە ماڵی هەموو کوردێکی خاوەن هزر و بیری کوردایەتی و دامەزرێنەرانی کۆمار موژدەی قۆناغێکی دیکەی مێژوویان بە گەلی کورد دا.

پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا پەروەردە ببوو بەڵام سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتووی ئەو قۆناغە بوو کە توانی کورد لە نائومێدی ڕزگار بکا، وێڕای نەبوونی ئەزموونی دەوڵەتداری توانی دەوڵەتێک دابمەزرێنێ کە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان بە یەک چاو سەیر بکرێن، مافی هەموو کەمینە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دەستەبەر بکا و لەو کات و سەردەمەدا ژنان شانبەشانی پیاوان بێنێتە مەیدانی سیاسەت و یەکەمین ڕێکخراوی ژنان دابمەزرێنێ و ئەم هەنگاوەشی لەنێو بنەماڵەکەی خۆیەوە دەست پێ کرد. پێشەوا لە ماوەیەکی کەمدا توانی زمانی کوردی بکاتە زمانی ڕەسمی خوێندن و نووسین و چاپخانە و قوتابخانە و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی پەرە پێ بدا. ئەگەر چی ئەم قۆناغە پڕ لە شانازییەی کورد مەوداکەی کورت بوو، بەڵام دەسکەوتی گەلێک مەزنی بۆ گەلێکی مەزن بە دیاری هێنا و تا ئێستاش ئەم ڕێگە و ڕێبازە هەر لە برەو و پەرەسەندن دایە.

دوای هێرشی لەشکری حکومەتی ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد بۆ پێشگیری لە خوێنڕژانی خەڵکی کوردستان خۆی کردە قەڵغان و ڕەوانەی بەندیخانەکانی حکومەتی سەرکوتکەری پاشایەتی کرا. پێشەوا وەک چۆن لە کاتی سەرۆک کۆمارییدا ئازایانە کۆماری کوردستانی دامەزراند، هەروا بوێرانەش لە بەندیخانە و بێدادگاکانی حکومەتی پەهلەویدا دیفاعی لە مافە ڕەواکانی گەلەکەی کرد و بەسەربەرزییەوە گیانی خۆی فیدای خەڵکی کورد و نیشتمانەکەی کرد. حکومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی وەک زۆر لە زاڵمانی دیکەی جیهان پێی وابوو بە لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەتوانێ بیروهزری مافخوازانەی گەلی کورد لەنێو بەرێ و خەڵک بێدەنگ و ملکەچی دەسەڵاتیان بکا. دوژمنانی کورد هەمیشە ئەو هەڵە گەورەیەیان دووبارە و چەند بارە کردۆتەوە و ویستوویانە سەری کورد لێ بدەن بۆ ئەوەی خەڵکی کورد دەستەمۆ بکەن، بەڵام مێژوو نیشانی داوە کە بە کوشتن و تیرۆر و لە سێدارەدانی هەر ڕێبەرێکی کورد، کورد بەگوڕتر لە جاران خۆی ڕێک خستۆتەوە و هاتۆتەوە مەیدان و ڕێبەر و بلیمەتێکیتر بۆتەوە پێشەنگی ئەم کاروانە.

دوای ٧٥ ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا، وەک دەبینین بیر و ئەندێشەی پێشەوا هەر لە برەو و بەرەوپێشچووندایە، ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەنێو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا لەگەڵ دوژمن مەیدانداری دەکەن و بست بە بستی خاکی کوردستان یادگار و مەزارگەی ڕۆڵەیەکی کوردە کە لەپێناو مافەکانی گەلەکەیدا تێکۆشاوە یان گیانی خۆی بەختی ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەی کردوە. ژنان و پیاوان، کوڕ و کچ شانبەشانی یەکتر چ لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا و چ لە نێوخۆی وڵاتدا لەژێر زەبر و زەنگی داگیرکەردا خەریکی خەبات و بەرخۆدان و تێکۆشانن. بە لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی و زۆر تێکۆشەر و سەرکردەی دیکەی کورد، کورد نەک هەر نەبەزیوە بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران لە مەیداندا ڕاوەستاوە و پێناسە و کەسایەتی و نیشتمانی خۆی پاراستوە و ڕۆژ بە ڕۆژ چرای خەباتی کورد درەوەشاوەتر دەبێ و ئەم کاروانە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ.

لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و لە حەفتاوپێنجەمین ساڵوەگەڕی لە سێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پەیمان لەگەڵ ڕوحی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کورد نوێدەکاتەوە و بەڵێن دەدا کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی کۆمار لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بێ و لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین کە بە هیوا و ئومێدەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان و بەربەرەکانی لەگەڵ دژمن شانبەشانی یەکتر و بێ جیاوازی بیروبۆچوون وێڕای حیزبە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم خەباتە درێژە پێ بدەن و بە یەکیەتیی و یەکگرتوویی بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو بنێن.

سڵاو لە ڕوحی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل

مردن و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و

بە هیوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیک و فیدرال لە ئێراندا.

**ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٩ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی**

# یەکڕیزی و یەکگرتوویی مەشغەڵی ڕێگای خەباتمان دەبێ



**هاونیشتمانیانی خۆشەویست، خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!**

جارێکی دیکە و لە نەورۆزی ئەوساڵدا شکۆمەندیی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لەلایەن ئێوەی خۆشەویست و بەشداریی گەرموگوڕتان لەو ڕێوڕەسمانە، مانایەکی دیکەی بە نەورۆزی ئەوساڵ بەخشی. بۆیە جێی خۆیەتی پڕ بەدڵ سپاس و ڕێزی بێپایانی خۆمانتان پێشکەش بکەین و بڵێین نەتەوەیەک کە ئێوە تێکۆشەر و خەمخۆری بن لە بەرانبەر هیچ دەسەڵات و حکوومەتێکدا دەستەوەستان و تەسلیمی ویستی هیچ دیکتاتۆرێک نابێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوساڵیش بە نەریتی ساڵانەی خۆی پێش هاتنی نەورۆز لە ڕێگای دامودەزگا ئەمنیەتییەکانیەوە دەستی دایە هەڕەشە و گوڕەشە و بانگ کردن و لێپێچینەوە لە چالاکانی مەدەنی و لاوانی نیشتمانپەروەر و، هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە نابێ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز وەکوو ساڵانی پێشوو بەڕێوە بچێ و تەنانەت لە هەندێ شوێن هەڕەشەی کردبوو کە نابێ جلوبەرگی کوردی لەبەر بکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە هاوکات لەگەڵ ئەو فشارانە، لە ڕێگای چەند کەسێکی گوێڕایەڵی خۆیەوە ویستی بە خەڵک بڵێ کە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان دژی ئایینی ئیسلامە، بەڵکوو بکرێ لەو ڕێگایەشەوە پێشی پێ بگرێ. بەڵام بە پێچەوانەی ویست ڕێژیم هەمووان ئاکامی ئەو سیاسەتە شکستخواردووەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیمان بینی و دیتمان کە ئەوساڵ چەندە بە جۆش و خرۆشێکی زیاترەوە ئاوری نەورۆز لە سەرتاسەری کوردستان هەڵکرا و دیتمان کە خەڵک چەند بە حەماسەت و شکۆوە بەشداریی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانیان کرد.

ڕێژیم کە ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ سیاسەتی هەڕەشەوفریو بەدی نەدەکرد لەلایەکی دیکەوە پیلان و پلانی ئەوەی هەبوو کە ئەوساڵ ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و ئەوەندەی بۆی بکرێ لە مانای خۆی بەتاڵی بکا و لە لەولاشەوە بە دنیای دەرەوە بڵێ کە لە کوردستان نەورۆز بە ئازادانە دەگیرێ. بەڵام شکۆی نەورۆزی خەڵک و ڕێوڕەسمەکانی خەڵکی کوردستان ئەو سیاسەتەی ڕێژیمیشی کردە بڵقی سەر ئاو.

ناوندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دواجار کە بەتەواوی هەستیان بە شکستی سەرشۆڕانەی خۆیان دەکرد، هەر ڕۆژی نەورۆز و دواتریش دەستیان دایە گرتن و دەسبەسەرکردنی خەڵکی کوردستان و دەیان کەس لە چالاکان و لاوانی نیشتمانپەروەر و تەنانەت چەندین کەسی بەساڵاچووشیان دەسبەسەر کرد.

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**

جارێکی دیکە وێڕای سپاس و پیرۆزبایی دوبارەمان بەبۆنەی نەورۆز و سەرکەوتنی ئێوە لە بەرانبەر ڕێژیمدا، سەرنجی هەموو لایەک بۆ ئەو پەیامە بەهێزەی نەورۆزی ئەوساڵ ڕادەکێشین و پێداگری لە سەر دەکەینەوە کە گەلی ئێمە ئەو ساڵ بە دروشمی یەکگرتوویی و یەکڕیزی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی وەدەست هێنا، هەر بۆیە جەخت لەوە دەکەینەوە کە خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان و تێکۆشەرانی گەل پێویستە هەموومان ئەو دروشمە بکەینە مەشغەڵی ڕێگای خەباتمان و تا سەرکەوتنی یەکجاری بە سەر داگیرکەرانی کوردستاندا دەست لەنێو دەست درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین.

هیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ هەموو لایەک.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی**
**٢٧ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی**

**درێژەی ...**

# چەند وێستگەیەکی مێژوویی حیزبی دێموکرات لەدوای شۆڕشی ١٣٥٧

سنە و سەقز و بانە و ... وەڕێ کەوت و لافاوی خوێنیان وەڕێ خست. کوردستان لە زۆر ڕووەوە لە لێنینگراد دەچوو. دۆخی خەڵک لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی ئازادی، گەمارۆی لەبیر خەڵک بردبۆوە، ورەی خەڵک بەرز بوو و بە هەمەجۆر یارمەتیی پێشمەرگەیان دەکرد.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد. لە پەیامی حیزبی دێموکراتدا لە وشەی "بدخواهان" کەڵک وەرگیرابوو کە جاری پێشوو خومەینی تاوانباری کردبوون بە تێکدانی پێوەندیی نێوان کوردستان و تاران، هەربۆیەش حیزبی دێموکرات لە پەیامەکەیدا ڕوو بە خومەینی ڕایگەیاند: "ئێستاش کە بەدخوازان سەرلەنوێ وەزعی کوردستانیان ئاڵۆز کردوە و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، حیزبێک کە زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکی کوردستان پشتیوانیەتی، بۆ دواجار هۆشدار دەدەین کە ئەگەر پەلاماری ئەرتەش و ژاندارمێری و پاسداران بۆ سەر بزووتنەوەی کوردستان ڕانەوەستێ و کوشتاری خەڵک درێژەی هەبێ، پێشمەرگەکان بە پشتیوانیی هەموو گەلی کورد بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان دەکەن". هەروەها لەو پەیامەدا حیزبی دێموکرات داوای لە خومەینی کرد کە بە ڕازی بوون بە ئەسڵی ٦ ماددەیی خودموختاری، نیازپاکی لە نێوان تاران و کوردستاندا دروست بکا. بەڵام دەوڵەت ملی بۆ ویستی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ڕانەکێشا و ئەمجارە شەڕێکی قورس و دژوار تووشی خەڵکی کوردستان بوو و هێرشەکە لە هەموو لایەک ڕا بۆ سەر کوردستان دەستی پێ کردەوە.

شاری سنە لەو شارانە بوو کە هێزە کوردییەکان بنکە و بارەگایان لێ دانابوو و بە تەبایی بانگەشەیان بۆ خۆیان دەکرد، ئەم پێکەوەهەڵکردنە خەڵکی گەشبین کردبوو، هەر بۆیە بەرگەی گەمارۆی ئابوورییان دەگرت و لە بەرامبەر هێرشی سپادا ئامادەی خۆڕاگری و هەرچەشنە فیداکارییەک بوون. ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ بۆ جاری دووهەم هێرش بۆ سەر سنە دەستی پێ کردەوە و زیاتر لە ٤٠٠ گوللە تۆپ ئاراستەی شار کران. پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لە یەک سەنگەردا ڕووبەڕووی دووژمن وەستانەوە و هێزەکانی ڕێژیمیان ناچار بە پاشەکشێ کرد.

لە ئەنجامی هێرش و بۆردومانی بێ بەزەییانەی ڕێژیمدا، ٢٤٠٠ کەس لە خەڵکی سیڤیل بوونە قوربانی. لە ترسی بۆردوومانی فڕۆکەکانی ئێران، بەشێکی زۆر لە قوربانییەکانی ئەم هێرشە هەر لە حەوشەی ماڵەکانیاندا بەخاک دەسپێردران.

خەڵکی گوند و شار و ناوچەکانی دیکە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتییان دەگەیاندە شاری سنە، سوپای ڕێژیم ئابلۆقەی سەر سنەی توندتر کرد و ڕێگای یارمەتیی لە خەڵک بەست. دوای نزیک بە یەک مانگ خۆڕاگری لەکاتێکدا کە سپا نەیتوانیبوو بچێتە نێو شاری سنەوە، هێزە کوردییەکان بڕیاریان دا بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل کە لەشار بچنە دەرەوە. دوای چوونە دەرەوەی پێشمەرگە لە شار، سپا چووە نێو شار و وێڕای "پاکسازی" دەستیان بە ڕەشبگیری چالاکانی کورد کرد. ئەوان لە دادگای بەپەلە و سەربازیدا، سزای لەسێدارەدانیان بە سەر خەڵکی مەدەنیدا دەسەپاند و سزاکەیان جێبەجێ دەکرد.

**(بەشی سێهەم و کۆتایی لە ژمارەی داهاتوودا)**

# کۆمەڵگەی مەدەنی

## (پێناسە، بنەما، قۆناغ، پرۆسەی مێژوویی، پێشمەرج و بناغەکانی)

## (٢-١)

**شاهۆ مەتین**

**پێشەکی:**

کۆمەڵگەی مەدەنی لەو چەمکانەیە کە زیاتر لە ٢٠ سەدەیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ هەڵگری ڕۆڵ و کارکرد بووە و لە هەر کات و شوێنێک شوناس و جەوهەری جیاوازی بە خۆیەوە گرتوە. بەڵام تاکوو ئێستاش بە شێوی تەواو و پەڕگیر پێناسەیەکی یەکانگیری لێ نەکراوە و هزرڤانان چەمکی جیاواز و، نەتەوەکان و دەوڵەتەکان، نموونەگەلی ئابژەکتیڤی جیاوازیان بۆ داناوە.

کۆمەڵگەی مەدەنی، حەقیقەت و ڕاستییەکە و هەڵگری ئوسوول، پێشمەرت و بناغەیەکە کە لە یۆتۆپیا و ئوستوورە و ئاڕمان جیای دەکاتەوە، هەرچەند ئەگەری ئەوە هەیە لە هێندێک لە کۆمەڵگە و نەتەوەکان، ئەم چەمکە ببێتە ئاڕمانێک، بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر جار لە کۆمەڵگەی جیاواز جیاواز بەدیار کەوتوە و ئاڕمانگەراکردنی ئەم بناخە و چەمکە دەبێتە هۆکارێک کە؛ تێگەیشتن و ویستەکانی مرۆڤ لە ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی بانتر بڕوا و بۆ ئاڕمانێکی بەدینەهاتوو بگۆڕێ، هەربۆیە پێویستە سەرنج بدەین کە کۆمەڵگەی مەدەنی، دەئافراندرێ و لەدایک نابێ.

ئەم چەمکە لە ئێران ساڵانێکە لە دۆخی هزری و تیئۆرییەوە بۆ ئارمانجێک لە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە گوازراوەتەوە و هەر بیرمەند و هزرڤانێک ئارمانجەکانی خۆی لە پارادایمی کۆمەڵگەی مەدەنیدا پێشکەش دەکا. هەر بۆیە شرۆڤە و سەرنجی وردبینانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کارێکی زەرووری و پێویستە و بەمجۆرە لە بەستێنی زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی و... سەبارەت بەو پرسە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەکرێ.

**کۆمەڵگەی مەدەنی چییە؟**

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرامبەر وشەی ئینگلیزی (civil society) و فەرانسەوی (civil societe) کەڵکی لێ وەردەگیرێ. وشەی "civil" لە پەیڤی لاتینی "civis" وەرگیراوە کە لە چاخی کۆندا بەمانای "کۆمەڵگەی شارۆمەندان" بە کار دەهات.

بابەتی هەڵوێستە لەسەر کردن، جۆرێک جیاوازیدانان لەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسییە، واتە هەر دووکیان ڕۆڵی سیاسی دەگێڕن و هەوڵ دەدەن لەسەر دانانی سیاسەت و بڕیاری حکوومەتی و یاریکەرانی بەستێنی سیاسی کارتێکەری دروست بکەن.

لەبارەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی، سەرەڕای ئەوەیکە زۆر کەس هێزی سیاسی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە یەک چاو سەیر دەکەن، بەڵام وا نییە و پێویستە بڵێین کە دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەوڵی بەدەستەوەگرتنی حکوومەت نیین، بەڵکوو هەوڵ دەدەن لەسەر بڕیارە سیاسییەکان بە قازانجی خەڵک کارتێکەرییان هەبێ، لە کاتێکدا ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی سیاسی هەوڵ دەدەن حکوومەت و دەسەڵات بگرنە دەست. ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێدەکۆشن دەنگی شارۆمەندان بە بەرپرسان بگەیەنن، لە کاتێکدا دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیاسی تینووی هێز و دەسەڵاتن! وڵاتانی یارمەتیدەر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن یارمەتیی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدەن تاکوو بتوانن بەرگری لە بایەخە دێموکراتییەکان بکەن، لە حاڵێکدا ئەم وڵات و ڕێکخراوانە ناتوانن یارمەتیی ڕێکخراوە سیاسییەکان بدەن، چونکە ئەم بابەتە بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان دادەنرێ.

لەڕاستیدا کۆمەڵگەی مەدەنی، لە بەستێنێکی سەربەخۆدا بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوەکان و ڕەفتاری شارۆمەندان و بەرتەسککردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتی لەسەر شانە، ئەڵقەی وەسڵی پەیوەندی دەوڵەت و خەڵکیش بە ئەژمار دێ، بە مانایەکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی بەستێنێک لە دەرەوەی بنەماڵە، دەوڵەت و بازارە کە ئەگەر بنەماڵە بە چوارچێوەیەکی تایبەت بزانین، دەتوانین دەوڵەت بە بەستێنێکی دەسەڵاتداریەتی و سەپاندنی یاسا و بازار لە چوارچێوەی ئابووری تێبگەین و لە نێوان ئەم بەستێنانە، ڕەهەندێک دەمێنێ کە گرێدراوە بە کۆمەڵگە و ئەم بەستێنە گشتییەش هەمان کۆمەڵگەی مەدەنییە.

**بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**

کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەم چوار ئالییەتە ڕاوەستاوە:

١- حیزبەکان و دامەزراوە سیاسییەکان.

٢- مەکۆ و ئەنجومەنە فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری، زانستییەکان و هتد .

٣-سەندیکاکان، ئەنجومەنەکان و دامەزراوە سینفی و پیشەییەکان.

٤-شوراکان و ڕێکخراو کۆمەڵایەتییەکان.

بەم شێوەیە، کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکە پێکهاتووە لە هێندێک گرووپی سەربەخۆ و دڵخوازانە، خۆویستانە و خۆبەڕێوەبەرانە کە، بە مەبەستی بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندی، هۆگری و سەلیقەی تاکەکان دادەمەزرێ. ئەم گرووپانە دەتوانن لە فۆڕمی سەندیکا، یەکیەتی، ئەنجومەن، ڕێکخراوەی ناحکومی و... هتد، خۆیان دابڕێژن. کۆی ئەم گرووپانە لەسەر بناغەی چوارچێوەیەک و ڕێسایەکی دیاریکراو و شەفاف لەنێو تۆڕێک لە پەیوەندییەکان بە ڕوحی ئاشتیخوازانە، ئەخلاقی، پێکەوەژیان، پێکەوە حەوانەوە و هاوکاری لەگەڵ یەکتر درێژە بە چالاکیی خۆیان دەدەن.

ئەم ڕێخکراوانە لە کۆمەڵگەدا، شوناسی دامەزراوەی دیاریکراو و پێناسەداریان هەیە و ئەم شوناسە بە هۆکاری مانەوەی ئەوان دادەنرێ.

**کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوکاریی خەڵک**

شارۆمەند و کۆمەڵگەی مەدەنی دوو چەمکن کە هەموو کات پێکەوە لەگەڵ یەکتر دێن، هەر لەم ڕووەشە کە زۆرێک لە بیرمەندان، کۆمەڵگەی مۆدێرن بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانن، چۆن گرینگترین تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی مۆدێرن، پێکەوەلکاوی و دانەبڕاویی یاسای شارۆمەندی و بەشداریی مەدەنی لە ناوەندێکی سیاسیی جوغڕافی بە ناوی شار دێتە ئاراوە. لە کاتێکدا جووڵەی خەڵک لە پرۆسەی ڕوو بە گەشەی ژیانی مەدەنی بەرەو ئافراندنی کۆمەڵگەی مەدەنییە، بە چەمکی "town" بە مانای "شار " دەگەینن.

ئەکتەری سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی، شارۆمەندێکە کە بەشداری و هاوبەشی بە مافی ئەساسیی ئەو دادەنرێ. شارۆمەندی بە مانای ئاستی گرتنی پەیوەندی بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و لێهاتوویی شرۆڤەی بابەتە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابوورییەکان، وێڕای چاودێری لە ژینگەی ژیانی خۆی. شارۆمەندی یەکێک لە ڕۆڵە سەرەتاییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک لە کۆمەڵگەی مۆدێرنە و بەشداریی کۆمەڵایەتیش لەسەر بەربڵاوی پەیوەندیی نێوان گرووپەکان لە چوارچێوەی ئەنجوومەنە خۆبەخشەکان، یەکیەتییەکان و گرووپ گەلێک ڕادەوەستێ کە بە گشتی تایبەتمەندیی لۆکالی و ناحکوومیان هەیە.

لە کاروباری کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە. لەلایەکی تر لە ڕێگای پەرەپێدان بە ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان و بەهێزکردنیان، یارمەتی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدانی بەشداریی چالاکانە و دڵخوازانەی تاک لە کۆمەڵگە دەدا.

**کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراو ناحکوومییەکان**

ئێمە لەگەڵ دوو جۆر کۆمەڵگەی مەدەنی سەروکارمان هەیە:

١-نەریتی ٢-مۆدێڕن

لە هەموو وڵاتان، چ وڵاتی پیشەسازی یا لە وڵاتی لە دۆخی گەشەسەندووییدا، تۆڕێک لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان، یەکیەتییەکان و دامەزراوەکان بوونیان هەیە کە دەکرێ ئەوان بە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی نەریتی ناودێر بکەین.

کۆمەڵگەی مەدەنیی نەریتی بە گشتی بەشێوی نارەسمی هێندێک کات لە ڕێگای ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان بە پەیوەندییەکان و هێندێک جاریش لە ڕێگای جێبەجێکردنی ڕێنوێنییەکان و ئاماژەکان کە لە ڕابردوودا بۆی بەجێ ماوە، بە ڕێکخستن دەکرێ و لە قەوارە و تەشکیلاتی ڕەسمی کەمتر کەڵک وەردەگرێ. ئەم جۆرە کۆمەڵگە مەدەنییە، کاتێک دەوڵەت لاواز دەبێ، لە هێز و توانایی زۆرتر بەهەرەمەند دەبێ و دەتوانێ بۆ ویست و داخوازییەکانی خەڵک وڵامدەر بێ و لە ڕێگای دامەزراندن و بەهێزکردنی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" کاریگەریی هەبێ.

کۆمەڵگەی مەدەنیی مۆدێڕن زۆرتر لە ڕێگای سیاسەتی وڵاتانی دێموکراتیک شکڵی گرتوە و

ئەم چەمکە لەم دواییانەدا بە گەشە، بە هێز و پەڕگیریی دێموکراسی (خەڵک سالاری) لێک گرێدراوە و لە چوارچێوەی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان (NGOs) بە سنووری دیاریکراو و جودا لە دەوڵەت و بنەماڵە پێناسە دەکرێ. بەم پێیە کۆمەڵگەی مەدەنی لەم بەکارهێنانەدا بە کۆمەڵێک لە تاکەکان دەگوترێ کە بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ڕەسمی و پسپۆری بەستراونەتەوە یا بۆ ئەم ڕێکخراوانە کار دەکەن. لێکەوتەی ئەم پرۆسەیە دامەزراندنی ڕایەڵکەیەکە کە ئێستا بە "کۆمەڵگەی مەدەنیی پسپۆرانەی" ناو دەبەن.


دوو ڕوانگەی گشتی لەسەر پەیوەندیی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوونیان هەیە:

یەکەم ڕوانگە پەیوەندیی بە "هاری بلێر"ەوە هەیە کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بە لەخۆگری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانێ. ڕێکخراوە ناحکوومییەکان پتر لە ئامانجی تایبەتی پێداگری لەسەر ئامانجی گشتی دەکەن، یا گرووپگەلی خۆبەخشانەن کە بە کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەت ئاڕمانجی تریان جودا لە "دەستەبەری بەرژەوەندی" هەیە.

بنیاتە تایبەتەکان عەودالی وەدەستهێنانی قازانج و حیزبە سیاسییەکان بە دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسین، لە کاتێکدا مەبەستی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە پرۆسەی کاریگەریدانان لەسەر دەوڵەت، وەدەستهێنانی قازانجی تایبەتی نییە.

ڕوانگەی دووهەم لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پێشکەش کراوە و لە کتێبی ژێدەری کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاتووە. لەم بەشەدا شرۆڤەی پەیوەندی دەوڵەت، کۆمەڵگە و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان کراوە.

لە بەشی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دوو بەشی لێک دانەبراو دەگەین، کە بریتیین لە: ڕاگەیاندنەکان، پارلەمانی یاسادانان، زانکۆ، میدیا و... کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیین. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شێوەیەکی جیاواز لە ڕێکخراو گەلێکن کە لە ڕێگای ئەوان شارۆمەندان پێکەوە بەشداریی یارمەتیدەرانەی یەکتر دەکەن. خزمەتگوزاریی هێندێک لەم ڕێکخراوانە تەنیا بۆ ئەندامەکانیان و ئی هێندێکی تر جودا لە ئەندامەکانیان بۆ چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەشە.



ڕێژە و پەرگێریی ڕێکخراوە لۆکاڵی و ناحکوومییەکان لە یەک جڤاتدا پێوەر و هەڵگری ئاستی بەشداریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدایە، تا ئەو ئاستەی کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگای بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بە بەشداریی گشتی پێناسە دەکرێ. بەم ڕوانگەیە بەشداریی گشتی پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە و هزری کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەساسی حزووری خەڵک لە مەیدان و ئەسڵی بەرژەوەندی و قازانجی گشتی یەکانگیر دەبێ. بەشداریی گشتیش بۆ بەدیهێنان پێویستی بە بەستێنێکی لەبارە کە بەبێ ئەم بەستێنە لەبارە ناتوانێ درێژە بە ماهییەتی خۆی بدات. بەستێنی لەباریش بۆ بەشداری گشتیی خەڵک، بە هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکان و پێڤاژۆ گرێدراوەکان بەو ئالییەتەیە و لە ئەساسدا ڕەمزی سەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دامەزراندن و بە ڕێکخراوکردنی دامەزراوە بەشداربووەکان هەڵدەسەنگێندرێ، و هەروەها بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدوادا دێ.

تایبەتمەندیی دڵخوازانە، ئاگاهانە و خۆڕسکانەی بەشداریی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵگەی مەدەنی لێک گرێ دەدات. ئەنجومەنە خۆبەخشەکان بەستێنێکی گونجاو بۆ وەرگرتنی بەشداریی گشتی دابین دەکەن.

یەکیەتیی سینفییەکان، ئەحزابی سیاسی، بۆنگا ئابوورییەکان، شیرکەتە تەعاوەنییەکان، گرووپی هونەری، ڕاگەیاندن و دامەزراوە خێرخوازییەکان هەموویان دەتوان نموونەیەک لە دامەزراوەی مەدەنی بن. دامەزراوە بەشداریکەرانەکان لە لایەک بە ڕاکێشانی هاوکاری تاکەکان، بەستێنی لێک گرێدانی ئەوان بە کۆمەڵگە دابین دەکەن و بەشداری تاک

# زیندان بەزێنەکانی ئێمە




**ئا: دیاکۆ دانا**

چەنگیز قەدەمخێر زیندانیی سیاسیی پێشووی کورد لەدایکبووی ١٣٦٧ی هەتاوی لە گوندی "هنیمن" سەر بە شاری کامیارانە. ئەو کە ئەندامی حیزبێکی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی بوو، ساڵی ١٣٩٠ لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کرا.

چەنگیز دوای زیاتر لە ساڵێک مانەوە لە گرتنگەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم و بەرگەگرتن لە هەمبەر ئازار و ئەشکەنجەدانی زۆر بۆ وەرگرتنی دانانی زۆرەملێ، سەرەنجام لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩١ لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری سنە بە سەرۆکایەتی قازی "حوسێن بابایی" دادگایی کرا. ئەو بێ ئەوەی دەرفەتی بەرگریکردن لە خۆی بدرێتێ یان ئیزنی گرتنی پارێزەری هەبێ، بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی وڵات لە ڕێگەی ئەندامەتی لە "کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان"دا سزای ٤٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ شاری "مەسجێد سولێمان" لە پارێزگای خوزستانی بەسەردا سەپا. چەنگیز تانەی لە بڕیارەکەی دادگا دا، بەڵام سەرەڕای ناڕەزایەتیی ناوبراو و داوای پێداچوونەوە بە حوکمەکەی، هیچ وەڵامێک بەو داوایە نەدرایەوە و پەروەندەکەی بەرێ دادگای سەرووتر نەکرا و دواجار لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٢دا ڕەوانەی زیندانی مەسجێد سولیمان کرا. ئەو کە لە کاتی دەستبەسەرکرانیدا درابووە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارای ڕێژیم و بە برینداری کەوتبووە بەر دەستی هێزەکانی سپای پاسداران، بەهۆی برینداری و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپادا یەکێک لە گورچیلەکانی کە فیشەکی بەر کەوتبوو لەدەست دا و گورچیلەکەی دیکەشی لەو ماوەیەدا کە لە زینداندا بوو، بەردەوام تووشی چڵک و خوێنڕێژی بوو. بەڵام بەرپرسانی زیندان لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا هیچ هەوڵێکیان بۆ باشتربوونی دۆخی ئەو نەدا.

چەنگیز لە ماوەی ١٠ ساڵ بەندکرانیدا لە هەموو مافێکی زیندانییەکی سیاسی بێبەش بوو. ئەو ساڵی ١٣٩٤ بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی لە نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی زیندان بە ماوەی چەند ڕۆژ ئەویش بە دانانی بارمتەی زۆر قورس نێردرابووە مەرەخسی، بەڵام دواتر بەهۆی دژایەتیی ئیدارەی ئیتلاعاتی کامیاران چیدی ئەو مافەی پێ نەدرایەوە. هەربۆیە چەنگیز لە ڕێکەوتی ٢٠ ی سەرەماوەزی ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی بەمەبەستی ناڕەزایەتیی دەربڕین لەمەڕ پێڕانەگەیشتنی پزیشکی مانی لە خواردن گرت و پاش ١٣ ڕۆژ بەهۆی خوێنڕێژیی بەردەوامی گورچیلەکانی و بە دانی وادە و بەڵێنی بەدرۆی بەرپرسانی زیندان و لەسەر داوا و پێداگریی بنەماڵەکەی و چالاکانی مافی مرۆڤی کورد مانگرتنەکەی شکاند. ئەو دواتر و بۆ جاری دوویەم لە ڕێکەوتی ١٤ ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٨ هەتاوی هەم بەهۆی پشتگوێخرانی و نەناردنی بۆ نەخۆشخانە و هەم ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژایەتیی ئیدارەی ئیتلاعات لەمەڕ نەدانی مەرەخسی پێی، مانی لە خواردن گرتەوە.

چەنگیز لە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٩ بەهۆی ناجێگیربوونی باری تەندروستی و لەشساغییەکەی لە زیندانی مەسجێد سولێمانەوە بۆ شوێنێکی نادیار گوازرایەوە. یەکێک لە هاوژوورییەکانی چەنگیز لە پێوەندییەکی تەلەفوونی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ڕایگەیاندبوو کە بەرپرسانی زیندان بە بیانووی نەخۆشی و باری ناجێگیری سلامەتیی چەنگیز ناوبراویان لە زیندان ڕاگواستوە. کەمتەرخەمی و ئاوڕنەدانەوە لە دۆخی تەندروستیی چەنگیز لەلایەن بەرپرسانی نەخۆشخانە لە حاڵێکدا بووە کە بنەماڵەی ناوبراو لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا بەردەوام داوایان لە کاربەدەستانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هەروەها زیندان کردبوو کە لەسەر ئەرک و خەرجیی بنەماڵە هەنگاو بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی چەنگیز هەڵگرن و دەست لەسەر دەست دانەنێن؛ بەڵام بە بەردەوامی دژایەتیی ئەو داوایەی بنەماڵەی ناوبراو کراوە و پێیان گوتراوە لە کاتی پێویستدا بۆ خۆیان بەدواداچوون بۆ ڕەوشی تەندروستیی چەنگیز دەکەن.

گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە ئاکامی پەرەسەندنی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی چەنگیز، ئەو زیندانییە بەمەبەستی چارەسەکردنی پزیشکی نێردرا بۆ زیندانی ئەهواز و لەو ماوەیەدا کە لە زیندانی ئەهواز بەند دەکرێ، پزیشکەکانی دادوەری بە بەرپرسانی زیندان دەڵێن کە چەنگیز پێویستی بە نەشتەرگەریی خێرا هەیە. کەچی سەرباری ئەوەش بەرپرسانی زیندان بە دەم داوای پزیشکانی دادوەری ناچن و، سەرەنجام پاش دەستێوەردانی وەزارەتی ئیتلاعات لە ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٠ بەرێی زیندانی مەسجێد سولێمان دەکرێتەوە.

چەنگیز قەدەمخێر پاش کێشانی ١٠ ساڵ زیندان بە نەخۆشی و لە دۆخێکی نالەباری سلامەتیدا، لە ڕەشەممەی ١٤٠٠ کە بە دانانی بارمتەی ١ میلیارد تمەنی نێردرایە مەرەخسی، بەڵام ئەو لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت و وڵاتی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندەوە ڕێزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. ئەو ئێستا کە جارێکی دیکەش بەرگی پێشمەرگانەی لەبەر کردۆتەوە، زۆر چیرۆک و بەسەرهاتی زیندانیانی سیاسیی کوردی لەلایە کە بۆمانی دەگێڕێتەوە.

دوای ئەوەی چەنگیز قەدەم خەیر پاش ١١ ساڵ بەندکران لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕزگاری بوو، ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەممەی ١٤٠٠ هەیئەتێک لە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی بەخێرهێنانەوەی سەردانی ناوبراویان کرد. لەو سەردانەدا، بۆ ڕێزگرتن لە خەبات، خۆڕاگری و تێکۆشانی ئەو بەندکراوە سیاسییە کوردە ڕێزنامەی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێ درا و هاوکات کتێبی دیرۆکی خۆڕاگری کە ژیان و بەسەرهاتی دەیان بەندکراوی سیاسیی تێدا نووسراوەتەوە پێشکەش کرا.

# شەڕی ئۆکراین
# دژمنی و دژایەتییەک بۆ باڵانسی هێز



شۆڕش شاباز

لە ڕەوتی ئاڵۆزییەکانی نێوان پاشماوەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو بە درێژایی ئەو ساڵانەی پاش هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، ئۆکراین وەکوو پرسێکی جیددی و مەترسیدار بۆ فیدارسیۆنەکانی ڕووسیە چاوی لێ کراوە و یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەش گەیشتن بە ئاوە گەرمەکانی دەریای نێوەڕاستە کە لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینی و لە ڕێگەی "کریمە"وە وەدی هێنا. لە لایەکی دیکەوە زێدەڕۆییەکانی ڕۆژاوا و پەرەپێدانی هاوپەیمانیی ئاتلانتیکۆ (ناتۆ) پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی زۆرتر ئاڵۆز کردوە. پێش لە هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، دوو بەرەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات کە ئەمریکا ڕێبەریی بەرەی ڕۆژاوای دەکرد و یەکیەتیی سۆڤیەتیش ڕێبەریی بەرەی ڕۆژهەڵات، یەکیەتیی سۆڤیەت هاوپەیمانییەکی لەژێر ناوی هاوپەیمانیی "وەرشۆ" پێکهێنا. چوارچێوەی ئەم هاوپەیمانییە بەتەواوەتی سەربازی و بە مەبەستی پێشگرتن بە هێرش و دەستدرێژیی وڵاتانی هاوپەیمانی بەرەی ڕۆژاوا پێک هاتبوو.

پاش هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، بەرەی ڕۆژهەڵاتیش هەڵوەشایەوە و هاوپەیمانیی "وەرشۆ"یش وزەیەکی ئەوتۆی بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانی نەما، ئەگەرچی بە ڕواڵەتیش شەڕی سارد لەنێوان وڵاتانی هەر دوو بەرە کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شەڕە (شەڕی سارد) لەم سەردەمە و لە قۆناغی سیستەمی گلۆبالیزایشن کە ڕێبەریی ئەو گلۆبالیزایشنەیش لە دەستی ڕۆژاوایە، چووەتە قۆناغێکی نوێیەوە.

کاتێک فۆکۆمایا تیئۆریی کۆتایی سەردەمی ئایدیۆلۆژیک یان مێژووی پێشکەش کرد، ئەگەری هەیە ئاماژەیەک بووبێ بۆ ئەم بارودۆخە و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ تیئۆریگەلێکی نوێیان هینابێتە ئاراوە کە دەسپێکی سەردەمی نوێی نیئۆلیبراڵیزمی سەربزێوی ژێر کۆنترۆڵی نیئۆکانە تیئۆکراتەکان بێت کە لەسەر بنەمای پارادایمی سیاسی ـ ئابووری داڕێژراوە، بەڵام ئەو جۆرە تیئۆریگەلە لە بواری تیئۆریی سیاسی و نێوەڕۆکی فەلسەفییەوە، دەسپێکی سەردەمانێکی نوێی پارادیمی تیئۆریی هزرییە کە هەموو جیهان لە خۆی دەگرێ و سووڕانەوە لە گۆڕەپانی سەرمایەدارییە و لە چوارچێوەی سیستەمی گلۆبالیزایشنی جیهانییە، لەڕاستیدا پێشکەشکردن و هێنانەبەرباسی ئەم پارادایمە تیئۆرییە بۆ دەسپێکی سەردەمی نوێی هاوواتای ئایدیۆلۆژیی نوێیە.

ئەگەرچی بە کۆتاییهاتنی سەردەمی ئیدە و پارادایمی ڕیاڵ سۆسیالیزم، نیئۆکانەکان و تیکنۆکراتەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی بە دروشمی دێموکراسی و لە چوارچێوەی نیئۆلیبراڵیزمدا جیهانبینی و پارادایمێکی نوێتریان هێنایە ئاراوە، بەڵام ئەم جۆرە پارادایمە بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی کۆمپانیاگەلێکی پاشکۆی سەرمایەداری کە بە هێزی ئابووریی دووقات وردە وردە بە شیوەی پلانداڕێژراو و گرێدراو، کۆمپانیا بچووک و سەرمایەدارەگوازرییە بچووک و ناوچەیی و تەنانەت ناوچەییەکانیشی سڕییەوە، بۆ نموونەی ئەم باسەش دەتوانین ئاماژە بە کۆمپانیای ئامازۆن یان کۆمپانیای "تسلا" و "گووگڵ" تاکوو دەگاتە "مایکرۆسافت" و هتد... بکەین.

سەرەڕای داتەپینی ئابووریی ئەمریکا و ڕۆژاوا بەگشتی (قەیرانی واڵئیستریت) و هێرشکردنە سەر باڵەخانەی دووانەی بازرگانیی جیهان لە ١١ی سێپتامبری ساڵی ٢٠٠١ی زایینی، نموونەیەکی ئەو قەیرانانەیە، لە یەکەمین ساڵەکانی هەزارەی سێهەم، بە سەرهەڵدانی تێرۆری سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی جیهان تووشی ڕاچەڵەکانێکی جیاوازتر بوو کە لەڕاستیدا کردەوەیەکی تێرۆریستیی ئابووری- سیاسی بوو و کۆمەڵێک دژکردەوەی دەستپێکی سەردەمی نوێ بوو. مەبەستی پشتپەردەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بوو کە لەوانەیە بتوانێ ڕەوتی قەیرانەکانی لە چوارچێوەی دەستێوەردەانە سربازییەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ماوەیەکی کەم ڕابگرێ، بەڵام داتەپین و ڕاوستانی ئابووری کە داوێنگیری ڕۆژاواش بوو، هەر وەکوو خۆی مایەوە و لە بواری سەربازی و وەکوو دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی وەکوو لە ناوچەکە بە شێوەیەکی کاتی و تێپەڕ لە بواری پرسە تیئۆرییەکان و چارەسەرکردنی کێشە پێوەندیدارەکان، ڕاوستان. لەڕاستیدا ئەو داتەپینە ئابوورییە لەڕادەبەدەرە کە لە چوارچێوەی سیاسەتی گلۆبالیزایشن و ناساندنی جیهان وەکوو لادێیەکی بووچک و لابردنی سنوورەکان وێنا دەکرا.

لەم هەڵایەدا کە ڕۆژاوا بەردەوام لە ڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندنە گەورەکانی خۆیەوە سەرقاڵی گۆڕینی ڕێڕەوی ڕوانگەی گشتییەکانە تاکوو بتوانێ بۆشایی ئەو قەیرانە داراییە قەرەبوو یان لانیکەم کەمی بکاتەوە و هەموو هەوڵێکی خستووەتە گەڕ تاکوو لە چوارچێوەی بازرگانیکردن بە چەکوچۆڵ و هەڵکۆڵینی سەرچاوە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە (کە زۆرتر پێداگرییان لەسەر ئەوەیە). وڵاتێکی وەکوو چین کە خاوەن هێزێکی کاری کەمتێچوو و بەبێ ڕەکابەرایەتیی سیاسی خەریکی ڕەونەق و گەشەکردنی ئابووریی خۆیەتی و بەساناییش هەموو سەرنجێکی خستووەتە سەر ئابووری، بۆیە بووەتە هۆکاری سەرکەوتن و ڕەوتی دەستگرتن بەسەر سەرجەم بازاڕەکانی جیهانی گرتووەتە بەر، لەلایەکی ترەوە وڵاتێکی وەکوو ڕووسیە لە خوێندنەوە ڕۆژاواییەکاندا کەمتر سەرنج خراوەتە سەری و بە شێوەیەک کەمتر بایەخدان بە ڕووسیە لە ئالووێر و پرسە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت لە بواری ئابووریشدا، هەڵەیەکی گەورە بوو. هەنووکەش قەیرانی شەڕی نێوان ئەو وڵاتە و ئۆکراین بە جۆرێک داوێنی ڕۆژاوایشی گرتووەتەوە و دووکەڵی ئەم شەڕە دەچێتە چاوی یەکیەتیی ئورووپا، ئەم بێبایەخی و گرنگی‌نەدانە بە هێزی وڵاتێک کە یەکێک لەو وڵاتانەی خاوەنی وزەیەکی بێسنوورە، بەتایبەت لە بواری گاز و نەوت؛ بوو بە هۆکاری ئەوەی کە ئێستە بە ڕاشکاوانە شەڕەکە بکێشرێتە نێو خاکی ئورووپا.

شەڕی نێوان و ڕووسیە و ئۆکراین کە پاش هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت یەکەیەکی جوگرافیای سیاسی، واتە وڵاتێکی سەربەخۆ بوو، هۆکارگەلێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە بۆ نموونە دابەشکاریی ئەو وڵاتانە بە شێوەیەکی ئاڵۆز پێک هاتوون، چونکە بە دروستبوونی وڵاتگەلێکی وەکوو ئۆکراین دەبینین کە بەبێ خوێندنەوەیەکی ڕەگەزی، زمان و ئایین و فەرهەنگی تووشی کێشەگەلێکی گەورە بووە کە لە ئاکامدا دیاردەی جیابوونەوەی "کریمە"ی لێ کەوتەوە. لە لایەکی ترەوە ئاڵۆزییەکانی ناوچەی قەرەباغ (کوردستانی سوور) شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجانی لێ کەوتەوە و ئەمەش ئەو بۆچوونە کە دەوترێ ئەو دابەشکارییە جوگرافیایی ـ سیاسی و ئەو سنوورانە نالۆژیکی و ناڕاستبینین، پشتڕاست دەکاتەوە و بەستێنی ئاڵۆزی و شەڕ و تێکهەڵچوونەکان زیاتر دڕەخسێنێ و دەتوانین بێژین وەکوو خۆڵەمێشی ژێر ئاگرێکی گەرم سەلمێندراوە.

بە تێڕامانێک بۆ دابەشکاریی جوگرافیایی لە دوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم و چۆنیەتیی ئەو شەڕانە کە لەسەر جوگرافیا و کێشەی ئەو نەتەوە و وڵاتانەی لێک هەڵوەشابوون بۆ دابەشکاریی سەرلەنوێی جوگرافیاکان لە چوارچێوەی وڵاتەکاندا، بۆمان ڕوون دەبنەوە کە ئەو ڕەوتە هەنووکەش درێژەی هەیە و هۆکارەکەشی پشتگوێخران و نەخوێندنەوەی ڕاستییەکانی پشتی پەردەی نەتەوەکان و جوگرافیاکەیانە؛ وەکوو نموونە دەتوانین ئاماژە بە پرسی کورد و دابەشبوونی جوگرافیای نیشتمان و نەتەوەکەی لەنێوان جوگرافیاگەلێکی سیاسیی دەوڵەتگەلێکی نوێی دۆڕاوی ئەو شەڕانە بکەین.

لە پاش ئەو دابەشکارییانە ئاڵۆز و شەڕ و تێکهەڵچوونگەلێک لە دوو ناوچەی دۆنتسک و لوهانتس کە ئێستە ڕووسیە وەکوو دوو کۆماری گەلی دۆنتسک و کۆماری گەلی لوهاتنس بە فەرمی دانی پێیاندا ناوە و بەردەوام بە سەربەخۆییخواز تاوانبار دەکران، ڕەوتیکی وەها دەبیتە هۆکاری ئاکامێک کە بەرەنجامەکەی لە سەردەمی گلۆبالیزایشن و پەرەگرتنی دنیا وەکوو لادێیەکی جیهانی کۆسپگەلێک دەخاتە بەر ڕێگەیانەوە کە ئەو سیستەمە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە ڕووبەڕوو دەکاتەوە و هەنووکەش بەپێچەوانەی ئەو سیستەمە گلۆباڵە جیهانییە، سەرلەنوێ خەریکە سنوورە جوگرافیاییەکان بە جۆرێکی تر دەکێشرێنەوە و لێرەشدا ڕۆڵی وڵاتێکی بەهێزی وەکوو ڕووسیە وەکوو بەربەستێکە لەسەر ڕێی زێدەڕۆیی سەرمایەداریی لیبراڵی و داخوازیی ئەوەش کە وەکوو کاراکتەرێکی ڕۆڵگێڕ ببیندرێ و هاوکات داوای پشکی هێز و گەیشتن بەباڵانسی هێز بەڕوونی تێیدا دەخوێندرێتەوە. شەڕی ئێستەی ئۆکراین دەکرێ وەکوو بەربەستێک بۆ زێدەڕۆییەکانی جیهانی سەرمایەداریی ڕۆژاوایی ببیندرێ، نموونەی ڕوون بۆ ئەو ڕوانگەیەش ئەوەیە کە "زلینسکی"، سەرۆککۆماری ئۆکراین خۆی وەکوو هێما و سیمبۆلی بەرگریی ڕۆژاوا لە بەرانبەر ڕووسیە لەقەڵەم دەدات!

پاش تەکجەمسەریبوونی جیهان، نە ئەمریکا و نە هاوپەیمانەکانی نەیانتوانی ئەو پرێستیژ و پرەنسیپە بە ڕوانگەیەکی تایبەت بۆ سەرچاوە سروشتییەکانی خۆیان پرس و کێشەی قەیرانی "واڵئیستراڵ" چارەسەر بکەن و بەپێچەانەشەوە ڕێگەی چارەسەریی ئەو کێشەیە ڕاگەیاندنی شەڕ بە دژی تیرۆریزم بوو. شەڕی ئەفغانستان نموویەکی ڕوون و بەرچاوی بۆ ئەو باسەش بوو کە لە پاش بیست ساڵ، بایدەنی سەرۆککۆماری ئەمریکا زۆر بە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "هاتنی ئامریکا بۆ ئەفغانستان، بۆ شەڕ بەدژی تیرۆریزمە، نەک جێگیرکردنی دێموکراسییەکی سەقامگیر و ناوەندگەرا لەو وڵاتەدا"، هەنووکەش ئەو تەکجەمسەرییە و تێکچوونی دیسیپلینی هێز و لەبەرچاونەگرتنی هێزەکانی تر چ لە ناوچە و چ لە جیهاندا کە خاوەن هێز و وزەیەکی باش و خاوەن بەهرە و بەرهەمهێنەرانی ئێستراتیژیکی وەکوو بەرهەمهێنانی خواردەمەنییەکان، ئەو سەردەمە بەسەر چووە.

لەڕاستیدا شەڕی ئۆکراین بە واتای هەڕەشەیەکی جیددییە و ڕۆژاوا لە ئەگەری لەبەرچاونەگرتنی هێزێکی بەهێزی وەکوو ڕووسیەیە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا. لە هاوکێشە جیهانییەکانی ئێستادا ڕووسیە کە خاوەنی زیاتر لە ٦٠٠٠ کڵاوەی ئەتۆمییە و سێهەمین وڵاتی بەرهەمهێنەر گاز و دووهەمین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لە جیهاندا و یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی فرۆشیاری گەنمە لە جیهاندا کە ساڵانە زیاتر لە ٣٥ میلیۆن تۆن گەنم دەفرۆشێ، چۆن دەکرێ لەبەرچاو نەگیردرێ و لە هاوکێشە جیهانییەکانی هێز لە ئاستی نێونەتەوەییدا بخرێتە پەراوێزەوە!

ڕووسیە وەکوو زلهێزێکی جیهانی لە هاوکێشە نێونەتەوەیی و لە دوو ئاستی سیاسی و ئابووریدا پشکدارە و دەخوازێ لە ئاستی خۆیدا کاریگەرییەکی جیاوازی لەسەر ڕەوتی ڕووداوە جیهانییەکان هەبێ. لە ئێستادا ڕووسیە وا دەنوێنێ کە دەورانی تەڕاتێنی تەکجەمسەریی ئیتر کۆتایی پێ هاتوە و هاوکات ئامادەیی خۆی بۆ شەڕی جیهانیی سێهەم دەردەبڕێ، ئەمەش ڕێک بە واتای دەستەوەستانیی ڕۆژاوایە.

ئەگەر ڕۆژاوا لەسەر ئەوە سوور بێت کە پێگەی خۆی ڕابگرێ، ڕووبەڕووی کارەساتێک بە ناوی شەڕی جیهانیی سێهەم دەبێتەوە و ئەو شەڕەش بە کەڵکوەرگرتن لە کڵاوەی ناوکی و بۆمبی هیدرۆژێن دەست پێ دەکا کە هەنووکەش دەستکەوتی ئەو شەڕەش بۆ تەکجەمەسەریبوون چی دەبێ، هێشتا ڕوون نییە و دەورانێکی پڕ قەیران لە بەردەم جیهانە.





---





# قەتارەی دەنگی داربەڕوویەک
# حیسام ئەسعەدی



برایم چووکەڵی

ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە کاتێکدا ساواک پەلاماری ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکراتی دەدا، لە ئاوایی کەسنەزانی سەرشیوی سەقز ڕۆڵەیەکی خوێنگەرم لە بنەماڵەیەکی خوشەویست و نیشتمانپەروەر چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ناویان نا حیسام. هێشتا دوو بەهاری لە تەمەنی تێنەپەڕیبوو کە باوکی خۆشەویستی لەدەست دا و ئەرکی گەورەکردن و بەخێوکردنی کەوتە سەرشانی برا گەورەکەی.

ئەسعەد قۆناغی سەرەتایی خوێندنی زۆر ئازایانە بڕی و بەهۆی ئەوە گوندی کەسنەزان قوتابخانەی ناوەندیی لێ نەبوو، بۆ درێژەدانی خوێندن چووە بانە. هاوینانیش کاتێک قوتابخانە دادەخران، دەگەڕایەوە ئاوایی و لە کار و هەڵسووڕانی ماڵەوەیاندا یارمەتیی بنەماڵەکەی دەدا. حیسام دواتر بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە شاری سنە کرد و لە هونەرستانی سەنعەتی و لە ڕشتەی برقدا ناونووسی کرد و ساڵی ١٣٥٦ لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە گرت. ئەو ئەمجارەیان وەک ئەرکی حیزبی و نیشتمانی خۆی زیاتر ماندوو دەکرد و سیاسەتی حیزب و زوڵم و زۆریی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ هاوپۆلی و کەسانی دەوروبەری شی دەکردەوە. بەرەبەرەش کە خۆپێشاندانەکان دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێ کرد، ئەسعەد وەک یەکێک لە هەزاران لاوی کوردستان لە خۆپیشاندانەکانی شاری سەقز و سنە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداری کرد. ئەو ساڵی ١٣٥٧ لە ئەزموونی زانکۆی ئەفسەری بەشداری کرد وبە پلەیەکی باش وەرگیرا، بەڵام دواتر بەهۆی هەستی نەتەوایەتی و ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات خۆی لە چوونە زانکۆی ئەفسەری بوارد.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و تیکۆشانی ئاشکرای حیزب، شەهید حیسام ئەسعەدی تەواووەخت شانی وەبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی دا و زۆر زوو توانی توانا تەشکیلاتییەکانی خۆی پێشان بدا، بۆیە ڕێبەریی حیزب وەک تیکۆشەرێکی بەتوانا بەڕێی ناوچەی کامیارانی کرد. هاوڕێیەکی ئەو سەردەمی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا ئاوا دەنووسێ: "لە ناوچەی کامیاران حیسام ناوێکی ناسراو و جێگای ڕێزی خەڵک بوو، هەر لەبەر ئازایەتی و خۆشناوەتیەکەی، چەندین منداڵی تازە لەدایکبووی ئەو سەردەم ناوی حیسامیان لێ نرا. حیسام ئەسعەدی ئەگەرچی خەڵکی ئاوایی کەسنەزانی سەقز بوو، بەڵام لە ناوچەکانی کامیاراندا بە حیسام بانەیی ناوبانگی دەرکردبوو. کاتێک بنکەی حیزبی دیموکرات هێشتا لە نێو شاری کامیاراندا بوو، ئەو لاوانەی کە برێک تەمەنیان لە من گەورەتر ، ئەیانگێڕاوە کە حیزب مەسئولێکی لاوی هێناوە کە فرە خوێنگەرمە و هەوڵ ئەدا لاوەکان لە دەوری یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ڕێک بخا. لەبیرمە ئەو دەمە لاوەکان زیاتر هاتوچوی بنکەی ڕێکخراوەکانی دیکەیان ئەکرد هەتا حیزبی دیموکرات، بەڵام دوای هاتنی حیسام ئەسعەدی بۆ کامیاران ئەوجار زۆر لە لاوانی ئەو شارە ڕوویان لە بنکەکانی حیزبی دیموکرات کرد و زۆر لەو لاوانە چالاکانە دەستیان کرد بە کاری حیزبی و دواتریش چەند کەسێکیان بونە پێشمەرگە. من هیچکات نەچوومە ئەو بنکە و حیسامم هەر لە دوورەوە دەبینی. هەتا کاتی شەڕی کامیاران، کاتێک هێزەکانی ڕێژیم زستانی ساڵی ١٣٥٨ هێرشیان هێنایەوە سەر شاری کامیاران، هێشتا هەوا تاریک بوو کە لە خوارێی شارەوە، ڕوو بە کرماشان تەقە دەستی پێ کرد و خەڵکی شار لە خەو ڕاچڵەکان... کاتێک هەوا بەتەواوی ڕۆشن بوو، خۆم لە ماڵ دزییەوە و چوومە نێوشار. شاری کامیاران ئەو دەمە هەر یەک شەقامی گەورەی هەبوو کە ئەویش هەمان جادەی کرماشان ـ سنە بوو... کاتێک گەیشتمە سەر چوارڕێیانی نێوەڕاستی شار، کاک حیسام ئەسعەدیش پەیدا بوو، وادیار بوو ئەو بەنیاز بوو دیسان بگەڕێتەوە بۆ بەشی خوارەوەی شار کە شەڕ زیاتر لەوێ بەردەوام بوو. ئەو بە شێوەی زیکزاکی ئەچووە پێش، منیش کەوتمە دوای ئەو و بە لاسایی کردنەوەی زیکزاکی بە دوایدا ڕۆیشتم هەتا گەیشتینە کۆڵانێک کە لە خوار گاراجی کرماشان ئەچوو بۆ مزگەوتی جامعە. شاپور فیروزی و حوسێن قیخابابا لەسەر ماڵێک و لە کۆماجی ئەو ماڵەوە تەقەیان ئەکرد، لەسەر کۆڵانەکەش لەگەڵ حیسام پێشمەرگەیکی دیکەشی لێ بوو کە بێجگە لە چەکەکەی دەستی، کلاشێنکۆفێکیشی بە جامەدانەیک بەستبوو بە نێو شانیدا، کوڕێکی کامیارانییش وەک من بێ چەک لەوێ بوو کە دوای چەند ساڵ زانیم ئەو لاوە سالار ئیبراهیمی بوو... لە دوایین ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی ١٣٦١ هەتاوی حیسامی فەرماندەی ئازا کە بۆ لاوانی هاوتەمەنی من لە ئەو سەردەمەدا ببوە سیمبولی پێشمەرگەیەکی ئازا و زانا و فیداکار کە لە شەڕێکدا لە نزدیک ئاوای بێساران و سەرهویەی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان بە گوللەی هێزی سەرکوتگەری ئێران شەهید بوو."

دوای کۆنگرەی ٥ی و لە بەفرانباری ساڵی ١٣٦٠دا دەفتەری سیاسیی حیزب شەهید حیسامی وەک فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوانی دیاری کرد. کاتێک ئەو ئیبلاغەیان پێ ڕاگەیاند قۆڵی زیاتر لە کار و تێکۆشان هەڵماڵی و بێڕاوەستان خۆی بە هێزی زریبار ناساند و لە ماوەیەکی کورتدا ڕوحێکی تازەی بەو هێزە دا. شەهید حیسام لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا و قارەمانەتییەکەی لە شەڕی جادەی سنە_ مەریوان وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە کارنامەی پێشمەرگەی دێموکراتدا جێی خۆی . هەروەها لە ماوەی بەرپرسایەتیی ئەودا چەندین مۆڵگە لەو مەڵبەندە گیران و سەدان بەکرێگیراو کوژران.

ڕۆژی ٣٠ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هێشتا ساڵێک لە فەرماندەیی شەهید حیسام لەو هێزە تێنەپەڕیبوو کە هێزەکانی ڕێژیم بە سەدان بەکریگیراو لە جاش و پاسدار هێرشیان کردە بەرزاییەکانی بێساران، کە شێرەکوڕانی دێموکرات بڕیاریان دا دەرسیکی باشیان بدەن. ئەوان لە ماوەی چەند سەعاتدا هەموو بەرزاییەکانیان لی ئەستاندنەوە، بەڵام بەداخەوە لە دوایین کاتی شەڕدا، حیسام ئەسعەدی لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی تەها عەباسی ناسراو بەتەها دگاگایی بە گوللەی شەوپەرستان شەهید بوون.

کوردستان
ژمارە: ٨٢٠
١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠١ _ ٤ی ئاپریلی ٢٠٢٢

## جاوید ڕەحمان:

# گرتن، لەسێدارەدان و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران زیادیان کردوە

## (کوردستان بۆ نموونە)

**وەرگێڕان بۆ کوردی: هێمن تەرواڵ**

جاوید ڕەحمان، پەیامنێری تایبەتی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا کە لە شوڕای مافی مرۆڤ، کە لە دوارۆژەکانی ساڵ و بەرەبەری نەورۆزدا لە شاری "ژنێڤ" بەڕێوە چوو، باسی لە ڕەوتی بەردەوامی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە یازدە مانگی ساڵی ٢٠٢١ کرد. جاوید ڕەحمان بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەسێدارەدانەکان _لەو نێویاندا لە سێدارەدانی دو منداڵ و دە ژن- بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەسبەسەرکردنە خۆسەرەکان و مردنی ناسروشتیی زیندانییەکان لە گرتووخانەکانی وەک بەشێک لە پێشێلکردنە بەرفراوانەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ناو برد. هەروەها گوتی کە دەسبەسەرکردنی کەمایەتییەکان، گوشار بۆ سەر میدیاکان و سنوورداربوونی ئازادیی ڕادەربڕین، سەرکوت و پێشێلکردنی مافی هەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، پێشێلکردنی مافی ژنان و کەمایەتییەکان، بێبەشکردنی خەڵک لە مافی سلامەتی و واکسینی بێوەیی و کاریگەر لە کاتی گشتگیربوونی وایرۆسی کرۆنا بەشێکیتر بووە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا.

جاوید ڕەحمان لە ڕاپورتەکەی خۆیدا هەروەها ئاماژەی کرد بە شوێنبزرکردنی توندوتیژانە و لە سێدارەدانە زۆرەملێیەکانی ساڵی ١٣٦٧، سەرکوتی توندوتیژی ناڕەزاییەتییەکانی ساڵی٨٨، بەفرانباری ٩٦، گەلاڕێزانی ساڵی ٩٨، ناڕەزاییەتییەکان سەبارەت بە وشکەساڵی و بێئاوی لە خووزستان و ئیسفەهان و کوشتنی ١٧٦ مسافیرەکەی فڕینی پی ئیس ٧٥٢ی هێڵی ئاسمانی ئوکراین بە مووشەکەکانی سپای پاسداران و شێوازی بەڕێوەبردنی تەشەنەی کرۆنای وەکوو چەند وێنەیەکی ئاشکرای دیکەی پێشێلکردنە قورس و بەربڵاوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ناو برد و گوتی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هیچ بەرپرسیارەتییەکی ئەم تاوانگەلەیان وەئەستۆ نەگرتوە.

جاوید ڕەحمان هەروەها جەختی کردەوە کە پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە ئێران لەوانە، نەبوونی دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم بەشداریکردنی دێموکراتیانەی خەڵک لە کاتی بڕیاردان، لە پاڵ ئەم حەقیقەتە تاڵە کە لە ئێراندا زۆربەی بکەرانی ئەم پێشێلکارییانە لە پلەوپایەی دەسەڵاتدا دەمێننەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکی ئەم وڵاتە بە کردەوە دەستیان ناگاتە عەداڵەت و دادپەروەری.

### سەرکوتی توندوتیژی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و کوشتاری کۆڵبەران

ڕێپۆرتەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەشێک لە ڕاپورتەکەیدا سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان سەبارەت بە قەیرانی بێئاوی لە هاوینی ساڵی ڕابردوو لە زیاتر لە ٢٠ شاری خووزستانی وەکوو بەڵگە خستە ڕوو.

ڕەحمان گوتی کە هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی وڵات و پۆلیسی دژەشۆڕش و ڕاسپاردەکانی ڕێژیم کە بە جلوبەرگی مەدەنی دەناسرێن، لە ڕەوتی ناڕەزاییەکانی شاری خووزستاندا بە شێوەی نایاسایی لەدژی خەڵکی ناڕازی بە نەبوونی ئاو کە زۆربەشیان هاووڵاتیی عەرەب بوون، توندوتیژی و گوللەی تایبەت بە شەڕیان بەکار هێنا و لانیکەم ٨ کەسیان کوشت کە ٢ کەسیان منداڵ بوون و هەروەها دەیان کەسیشیان بریندار کرد.

ڕێپۆرتەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تەقەکردن لە کۆڵبەران بە فیشەکی تایبەت بە شەڕ لە کوردستان و سووتەمەنیبەران لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وەکوو بابەتێکیتر لە بەکارهێنانی نایاسایی چەک لە دژی خەڵک باس کرد و گوتی ئەم کردەوانەی هێزە ئەمنییەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی کوژران و برینداربوونی لانیکەم ٢٠٠ کەس لە یازدە مانگی ساڵی ٢٠٢١دا.



ڕێپۆرتەری تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران ئەم بێ بەرپرسیارەتییەی کۆماری ئیسلامیی بە سیاسەت و فکریەتێکی شێوازمەند و سیستەماتیک ناو برد و گوتی ئەم بارودۆخە بە تێپەڕینی کات و لە درێژەی ساڵەکاندا بۆتە هۆی درووستبوونی "پارێزراوی پێشێلکارانی مافی مرۆڤ لە خراپترین شێوازدا" و "فەرهەنگی پارێزراوی لە سزا". جاوید ڕەحمان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە شێوازی حوکمڕانی و نەبوونی بەرپرسیارەتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەتەواوی بۆتە هۆی درووستبوونی "فەرهەنگی پارێزراوی لە سزا" و لەم سونگەشەوە چەرخی توندوتیژی لە ئێران تا دێ تاوهەڵگرتنی خێراتر دەبێ.

ڕێپۆرتەری تایبەتیی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێران جەختی کردەوە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هیچ لێکەوتەیەکی نییە بۆ دەوڵەت، یان پێشێلکارانی مافی مرۆڤ چونکە بنەما و پێکهاتەکانی حکوومەت لە ئێراندا بەو شێوە دانەڕێژراوە کە دەسەڵاتداران لە هەمبەر خەڵکدا بەرپرسیار بن. ڕەحمان سوور بوو لە سەر ئەو ڕاستییەی کە خەڵک لەلایەکەوە لە پێکهاتەی دەسەڵاتداری ئێراندا هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن و لەلایەکی دیکەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی خەڵکیدا هیچ دەرفەتێک بۆ دادخوازی بۆ خەڵک نالوێ. پەیامنێری تایبەتیی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بۆ کۆتاییپێهێنان بە پارێزراوی لە سزا و بەرگرتن لە دووپاتبوونەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، پێویستە کە لە پێکهاتەی یاسایی و ئەمنیەتیی ئێراندا گۆڕانکاری و پێداچوونەوەی بنەڕەتی بکرێ.

### لەداردانی ٢٧٥ کەس لە یازدە مانگدا

ڕێپۆرتێری تایبەتیی مافی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران بە ئاماژە بە بەرزبوونەوەی ژمارەی لەسێدارەدانەکان لە ئێران، گوتی تەنیا لە یازدە مانگی ساڵی ٢٠٢١دا لانیکەم ٢٧٥ کەس لە ئێران ئێعدام کراون کە لە نێوانیاندا ٢ منداڵ و ١٠ ژن بەرچاو دەکەوێ. جاوید ڕەحمان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەو لەداردراوانە لەلایەن دەزگای دادی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتگەلی وەک تاوانی کوشتن، بازرگانیی مادده هۆشبەرەکان، شەڕ لەگەڵ خودا، فەساد لەسەر عەرزی، دەستدرێژی و بەغی (بەرهەڵستی چەکدارانە) دادگایی کراون و سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاندوون.

ڕەحمان هەروەها ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەسێدارەدانی کەمایەتییەکانی ئێران کرد و گوتی کە لەنێو ئەو ٢٧٥ کەس ئێعدامکراوەدا لانیکەم ٥٠ کەسیان کورد و ٤٠ کەسیان بەلووچ بوون. ڕەحمان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە زیاتر لە ٨٠ کەس لەو لەداردراوانە کە ژنێک و چوار کەسی خەڵکی وڵاتی ئەفغانستانی تێدایە، لە بابەت کڕین و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکانەوە لەسێدارە دراون کە ئەم ژمارەیە بە بەراوەرد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو کە ٢٥ کەس بووە چەند قات زیادی کردوە.

ڕەحمان لە سێدارەدانەکانی ئێرانی وەکوو بێبەشکردنی خۆسەرانە و زۆرەکیی مافی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە ناو برد و گوتی کە ڕاپۆرتە جۆراوجۆرەکانی ڕەوتی پێدرکاندنی زۆرەملی لەژێر ئەشکەنجە بۆ هەبوونی بەڵگە لە کاتی دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدان، پێشێلکردنی شێوازمەندی دادپرسییەکانە کە دەبوا دادپەروەرانە بەڕێوە چووبان و، ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە لە سێدارەدانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بێبەریکردنی مافی ژیانی تاکەکانە.

### بارودۆخی قەیراناویی زیندانەکان، مەرگی بەندییەکان، گرتووخانە نهێنییەکان

جاوید ڕەحمان لە بەشێک لە ڕاپورتەکەیدا باسی لە بەرزبوونەوەی هەژماری مردنەکانی نێو زیندانەکان کرد.

ڕێپۆرتەری تایبەتیی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری ئێران ئەوەشی زیاد کرد کە لانیکەم ١١ کوردی زیندانی لە یازدە مانگی ساڵی ٢٠٢١دا لە دۆخێکی نادیاردا لە زیندان گیانیان لەدەست داوە. ئەو بە ئاماژە بە راپۆرتەکان، بەڵگەکان، ڤیدیۆ تۆمارکراوەکان لە بارەی دۆخی نائاسایی و قەیرانەکان، قەرەباڵغیی لەڕادەبەدەر و نەبوونی پێداویستییەکانی تەندروستی و داودەرمان گوتی زۆر ڕاپۆرتمان بەدەستەوەن کە شێوەڕەفتاری دزێو و نەشیاوی نیگابانەکانی زیندان و کوتەککاری و سووکایەتی بە زیندانییەکان دەسەلمێنن.

ڕەحمان لە بەشێکیتر لە ڕاپورتەکەیدا باسی لە هەبوونی گرتووخانە نهێنیەکانی ژێر کونتروڵی وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران کرد و گوتی کە ئەم دو ناوەندە بە دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە و نایاسایی خەڵک بە تۆمەتی پێوەندیدار بە ئەمنییەتی نیشتمانی لە گرتووخانەکاندا بۆ ماوەی دوور و درێژ ڕایاندەگرن.

جاوید ڕەحمان ئاماژەی بە دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەی عەلی یوونسی و ئەمیر حوسەینمورادی -هەردوکیان خوێندکاری زانکۆی شەریف و براوەی ئولەمپیادی زانستی- لەم گرتووخانە نهێنییانە کرد. ڕێپۆرتەری تایبەتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەشی زیاد کرد کە بە هۆی بەنهێنی سازکردنی گرتووخانەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و دامەزراوەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و نەبوونی چاوەدێری ناوەندە سەربەخۆکان لە سەریان، مەترسیی لادان لە یاساکانی مافی زندانییەکان لەو شوێنگەلە لە باسکردن نایەت.

جاوید ڕەحمان گوتی کە زۆر هەواڵ و ڕاپۆرتمان پێ گەیشتوە کە دەرخەری ئەوەیە وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران لە گرتووخانە نهێنییەکانی شارەکانی ورمێ، کرماشان و سنە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجە و لێدان و سووکایەتی سەر زیندانییەکان بەکار دێنن و ئەم بارودۆخە بەتەواوی جێگای نیگەرانییە.

### دەسبەسەرکردنی بەربڵاوی چالاکانی مافی مرۆڤ، سەرکوتی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان

ڕێپۆرتەری تایبەت هەروەها جەختی لەسەر بەردەوامیی دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە و بەربڵاوی داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ و پارێزەرەکان، ژنانی چالاکی مافی مرۆڤ، داکۆکیکارانی مافی کەمایەتییەکان و دەسبەسەرکردن و گوشار خستنە سەر بنەماڵەی چالاکان و داکۆکیکاران کرد و گوتی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەربڵاو ئەم کەسایەتییانە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دژایەتی و مەترسی خستنە سەر ئەمنییەتی نیشتمانی و بانگەشەی دژایەتی کردن لەگەڵ حکوومەت بەند دەکەن و دەیانخەنە گرتووخانەکانەوە. جاوید ڕەحمان جەختی کردەوە کە لە ئێران بنەماڵەی چالاکانی مافی مرۆڤیش لە بەردەم ئازار و ئەشکەنجە و دەسبەسەر کردندان.

ڕێپۆرتەری تایبەتی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاماژە بە بێبەریکردنی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران لە ستانداردەکانی ژیانی شیاویی کەسێتیی مرۆڤ، تیشکی خستە سەر ڕێژەی زۆری هەڵاوسان، مووچە و هەقدەستی کەم، چوونەسەرێی ئاستی هێڵی هەژاری، کەلێنی زۆری نادادپەروەری و نایەکسانی، قەیرانەکانی ژینگە و دەستەویەخە بوونی ٢٩ میلیون ئێرانی لەگەڵ قەیران و تەنگەژەی ژیان لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە.

ڕێپۆرتەری تایبەتیی مافی مرۆڤ دواجار وەبیری هێنایەوە کە پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان و لە هەندێ جێگەدا کوژران و داخستنی کۆر و ئەنجومەن و ناوەند و پەرستگەکانی ئەم کەمایەتییانە بەشێکیتری پێشێلکارییە بەربڵاوەکانی مافی مرۆڤە لە ئێران و گوتی هەواڵی یەکجار زۆریان لە دەسبەسەرکرانی مسوڵمانانی سوننە مەزهەب، ئەرمەنییەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی بەهاییەکان لە ساڵی ٢٠٢١دا گەیوەتە دەست.

---

## دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# بۆکڕووز و بۆچرووکی گوڵی سووسەن و یاسەمەن

من بە قەرایی توزقاڵیش بە سووتاندنی پەی"کەر"ی خومەینی لە "مەیدانی مەرجەعییەت"ی شاری قوم دڵخۆش نیم. ئەمەش هیچ نیشانەی دژایەتیکردنی دێموکراسی نییە و خۆم بە کەسێکی تەواو لایەنگری دێموکراسی دەزانم. یانی نە دژی سووتاندنی پەی"کەر"ی پیرۆزی خومەینی لە سەروبەندی ١٢ی خاکەلێوەم و نە دژی دووبارەکردنەوەی دوو ڕۆژ دواتری ئاگرتێبەردانی پەی"کەرێک"ی دیکەی ئاخوندێکی دیکەی ئەم مەیدانەم.

من نە دژی دروستکردنی پەی"کەر"ی ئاخوندان و نە لایەنگریانم، ئەوەی پێیەوە تێکدەچم و سەرم دێشێنێ و ناڕەحەتم دەکا، ئەو دووکەڵ و بۆچرووک و بۆکڕووزەیە لە سوتاندنی مووی لەشی پەی"کەرەکەکانەوە" چاوم تێژ دەکا و هەناسەم تێکدەدا و ناهێڵێ خۆشیی سێزدەبەدەر و سەوزەگرێدان و چای بۆدووکەڵی دەشت و سەحرا هەست پێ بکەم. سەیرانی کیژ و کوڕی جوان و هەڵبەزودابەزی منداڵانی زیت ببینم و چێژ لە بۆنی کەباب و چزەچزی پشکە گوشت و چزیلکی سەر خەڵووزی گەشاوەش وەربگرم.

ئەمساڵیش لە سەروبەندی سێزدەبەدەردا، ئەوکاتەی دەمهەیست لەم سیاسەت و میاسەت و شتانە دوور بکەومەوە، هەواڵی سووتاندنی پەیکەری جەنابی خومەینی سێزدەبەدەرەکی لێم تاڵ کرد. ئەگەر پەیکەری خومەینی و برووجێردی لە پێش و پاش ١٢ی خاکەلێوە ئاگر نەدرابایە، هەر بیرم لە ١٢ی خاکەلێوە نەدەکردەوە و بێ سێودوو لێکردن خۆم بە سێزدەکەدا دەکرد و لە سێزدەبەدەری دەمکردە سەما و هەڵپەڕکێ و دەمگوت:

دەگەڵ یاری ساز دەبم دەچمە سێزدەبەدەری
ڕەشبەڵەک گیراوە یارم دێ هەڵدەپەڕێ
چاوانم لێدەگێڕی و بەدوای مندا دەگەڕێ
داخوا لەسەر باڵاکەی پەندی چۆنم بەسەرێ

ئەمساڵیش ئاگرتێبەردانی پەی"کران" تووشی کردم. ئەگەر ئەوا نەبا، بە بێدەنگی سێزدەبەدەری خۆمم دەکرد. من ئەو شتانەم نەدەویست. نەمدەویست باسی چل و چند ساڵ لەمەوبەر بکەم و ناچار نەبووم کای کۆن بەبا بکەم. بە تەما نەبووم بتانبەمەوە مانگەکانی دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی. کوا من پێم باشە بیر لە ١٢ی خاکەلێوەکەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بکەمەوە و ئەو ڕۆژە ڕەشە بێنمەوە بەرچاوی خۆم؟

ئەگەر دوازدەی ئەم مانگە ئەو پەی"کەرانە" ئاگر نەدرابان و ناوی خومەینی نەکەوتبایەوە سەر زار و زمانان، کوا من بیری ئەم فەرمایشتەی بکەومە کە دەیفەرموو: "باب و باپیرانی ئێمە لە کاتی خۆیدا ڕێژیمی پاشایەتییان ویستووە، ئێستا زەمان گۆڕاوە و ئێمە نامانهەوێ."

من بیرم لە مردنی خۆم کردبایەوە، هەرگیز بە زەینمدا نەدەهات بە بۆچرووکی سووتاندنی ئەو پەی"کەرانە"وە بکەومەوە بیری بۆنی "گوڵی سوێسن و یاسەمەن" و ئەو گۆرانیەم بیر بکەوێتەوە، بەیەکەوە دەمانگوتەوە:

"بوی گل سوسن و یاسمن آید
عطر بهاران کنون از وطن آید
رهبر محبوب "خلق" از سفر آید"

ئەم بەزمی سووتاندی پەیکەران و بیرکەوتنەوەی ئەم شێعرەی سەروو نەبوایە، کوا من بیرم بۆ ئەوە دەچوو ئێستا "خلق" کراوە بە "امت" و دەستەواژەی "همیشه در صحنه"شیان بە قوونیەوە هەڵواسیوە. ناشوێرم بڵێم هەر نۆ تەلاقی بارامە سێژنەی بکەون و بە هیچ مەلا و شێخێک چاک نەبنەوە، ئەگەر بۆنی گوڵی سوسەن و یاسەمەن بێ بە بۆنچرووکی سووتانی پەیکەران و خەلق بووبێ بە ئوممەت، ڕەهبەری مەحبووبیش هەر هیچ نەبێ بووەتە دێوەزمە.

کوا من دەوێرم ئەو ناماقووڵیە بکەم و باسی ناماقووڵیی ئەو هەموو خەڵکە بکەم لە ١٢ی خاکەلێوە گۆرینەکەدا لە ڕاپرسیەکدا دەنگیان دا بە ئوممەت و پشتیان کردە خەڵک، دەنگیان دا بە عەبا و چارشێوی ڕەش و پشتیان کردە جلی ڕەنگاورەنگ و ئاڵووالای کچان و شۆڕەژنانی خڕوخۆڵ و نەرم و نیان، ڕوویان کردە تەقینەوە و زیندان و سێدارە و پشتیان کردە هەڵپەڕکێ و سەما و لێکدانی پیاڵان، دەنگیان دا و بە تێکدانی کارگەی شەرابی شیراز و ڕوویان کردە ئەو کیسە ئاوەترییانەی لە شەقامی شارەگەورەکان لە پێش ئەو لاوانە هەڵیاندەڕێژن، لە "خلق"ـەوە بوونەتە "امت همیشه در صحنه" و پێشیان دەڵێن "ساندیسخۆر"؟

سێزدەبەردەری ئەم ساڵ لە هەموو ئەو سێزدەبەدەرانەی ڕابردووی تەمەنم ناخۆشتر بوو. ئەم سێزدەبەدەرە بۆچرووک و بۆ دووکەڵی سووتاندنی پەیکەران لە سەروبەندی ١٢ی خاکەلێوە مێشکی سەری بردم و بۆ ١٤ و ١٥ مانگیش شوێنەواری هەر دەمێنێ.

پرسیارێکیش لە مێشکمدا دێت و دەچێ. ئەویش ئەمەیە ئەگەر ٩٨ لە سەدی خەڵکی ئێران لە دەنگدانەکەی ١٢ی خاکەلێوەی گۆڕین دەنگیان بەم شتانەی سەروو دابێ و ئێمەی کوردانیش وەک ئەوان دابایان، بە هەموومانەوە دەبووین بە چەند لەسەد؟



# نەورۆز، مێژوو و لێکەوتەکانی



هادی عەزیزی بۆکانی

نەورۆز وەکوو چەمک، خواستی بۆ سەردەمانی دێرین دەگەڕێتەوە. ئەم نەورۆزەی کە لە ئێستادا لەلای گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئاسیای نێوەڕاست وەکوو جەژن پەیڕەو دەکرێ، وەکوو کۆتێزێکی مێژوویی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر هاتوە کە بە کورتی شرۆڤەی دەکەین.

وشەی نەورۆز لە وشەی کۆنی کوردی پاڵەوانی نوکرۆچ وەرگیراوە کە لە زۆر شوێن بە ناڤەکارۆچ -یش هاتوە، کە زیاتر وەکوو فەلەکناسی خۆی وێنا دەکا و باسی ڕێکەوتێک لە گۆی زەوی دەکا کە ڕۆژ دەگاتەوە ئاستێکی بەرز و ڕۆژگار بەرەو درێژبوونەوە دەڕوا.

نەورۆز وەکوو ژیانەوە و مژدەی ژیان و مژدەی ئازادییش وێنا کراوە کە دەکرێ بڵێین بە هۆی کۆنبوونی بۆنەکە لە دێرزەمانەوە هەموو بۆنەکانی لە خۆ گرتوە. کۆنترین شرۆڤە کە بۆ نەورۆز دەکرێ بریتییە لە هاوسەرینی دۆمووزی خواوەندی ڕووەک لە گەڵ ئینانا، خواژنی باوەڕمەندییە. لە هەندێک شوێن بە لەدایکبوونی میترا لە ناو گوڵی نیلووپەڕ ناوی هاتوە. لە نێو کوردانی ئێزدیدا وەکوو ساڵی نوێی دوای چارشەمما سۆر کە دەکەوێتە مانگی نیسانەوە ناو براوە کە لە ئایینی ئێزدیدا گریمانەی ڕاستییەکان زیاترن، ئەویش لە بەر ئەوەیکە سەرەتای ژیان لە نێو سۆمەری و تۆفانەکەی نوح تەنیا لە ئایینی کوردانی ئێزدیدا وەکوو ڕووداوی سرووشتی لە کوردستانی کۆندا باس کراوە. لە بەر ئەو هۆکارەی کە ئەو ڕۆژمێرەی ئێستا کورد و ئەو گەلانەی کاری پێ دەکەن هەمان ڕۆژمێری جەلالییە کە لە لەلایەن عومەری خەیام و عەبدولکەریم ئەلخازەنی و موزەفەر ئەلئەسفزازی داندراوە و کە دواتر نەورۆزنامەشی وەکوو دیاری بە شوێن خۆیدا هێناوە، لە ڕووی فەلەکناسییەوە هەندێک کێشەی هەیە کە بە تایبەتی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی خولەفای ڕاشدین و ئومەوی لە بەر چاو نەگیراوە، هەر چەند ڕۆژژمێرەکە بە ٣٦٥ ڕۆژ تەواو بووە، بەڵام وەکوو جێگیرکردنی ڕێکەوتەکە ڕێکوپێک نییە.

ئێمەی کورد وەکوو ڕەسەنترین نەتەوەی نێوان دوو ڕووبار کە زۆرینەی بەسەرهاتەکانی مرۆڤایەتی تێیدا ڕووی داوە، دەبێ زیاتر پشت بە دێرینەناسی و مەکتەبی مێژوونووسانی یۆنانی ببەستین و خۆمان لە ڕێچکەی مێژوونووسانی دوای هاتنی ئیسلام ببوێرین. ئەگەر سەرنج بدەین بە هۆی شەڕی ئایینیی ئەوان لە گەڵ کورد و لە حەقیقەتدا شەڕی ئایینی ئاسمانی لە گەڵ ئایینی زەوینی کە کورد خاوەنی ئایینی خۆزایی و زەوینی بووە، هەمیشە حەولیان داوە کورد بە وەهم و جندۆکە و خراپەوە ببەستنەوە کە ئەم ڕوانینە تەنانەت لە نووسراوەکانی کوردیش هەتا شەرەفخان ڕەنگی داوەتەوە.



لە مێژووی کوردستاندا ساڵی ٦١٢ ی پێش زایین کە هاوکاتە بە سەرکەوتنی ماد بە سەر ئاشووریدا وەکوو نەورۆز بە ناو کراوە کە دەشێت ئەمەش درووست بێ. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە ئێمەی کورد پێویستمان بە ڕۆژژمێری کوردی و ساڵنامەی کوردی هەیە، باشترین و جوانترین ڕێکەوت ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد یا مێدییە هەتا وەکوو هەموو گەلانی ناوچە و جیهان بۆنەیەکی تایبەتی خۆمان وەکوو خاڵێکی بەهێزی مێژوویی هەبێ هەتا ڕۆژژمێری کوردی لەسەر ڕاست بکەینەوە، ڕەنگە بۆ زۆر کەس پرسیار دروست بێ کە کورد پێش مادەکانیش هەبووە، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستمانە دانانی ڕۆژژمێر و ساڵنامەیە کە ئێمە پێویستمان بە ڕووداوێکی گەورەی مێژووییە. ئێمە گەر سەرنجی دوای مێژووی مادەکان بدەین دەبینین کورد لە ڕووخانی مادەوە هەتا کەوتنی ساسانی و دوای ئیسلامیش هەر لە پرش و بڵاویدا ماوەتەوە.

نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامیشدا وەکوو بۆنە ڕەنگی داوەتەوە و لەلایەن هەندێک لە خەلیفەکانەوە دانپێندراوە و لەلایەن هەندێکیشەوە قەدەخە کراوە. ئەلبەلازەری دەڵێ کوردەکان مەرجی پیرۆزراگرتنی نەورۆزیان دانابوو هەتا بهێڵن سەرکردەکانی سپای ئیسلام ڕوو لە کوردستان بکەن، کوردەکانی بلاسجان و سەبەلان و ساترروودان لەو کوردانە بوون.لە سەردەمی ڕاشدیدا لەلایەن عومەرەوە قەدەخە کراوە بەڵام لە سەردەمی عوسمان و عەلی‌دا هێشتوویانە خەڵک جەژن بگرن و لە سەردەمی ئومەوی و عەباسیشدا بە وەرگرتنی باج و خەراج هێشتوویانە خەڵک یادەکە بکەنەوە. نەورۆز لە سەردەمی عەباسییەکان تەنانەت لە شاری بەغداش پیرۆز کراوە و لە سەردەمی فاتمییەکان لە میسریش یادی کراوەتەوە و دانەیەکیان وەکوو میری نەورۆز بە جلی سوورەوە لەسەر گوێدرێژێک بە ناو خەڵکدا دەگەڕاند کە خەڵک خەڵاتی دەدایە و هەر کەس خەڵاتی نەورۆزانەی پێ نەدابا، میر ئاوی پێدا دەکرد.

**کاوە، زوحاک و چوارشەمەی سوور و درۆ و دەلەسەی فیردەوسیی باوکی زمانی فارس**

لە پێشدا لە سەر چوارشەمەی سوور دەدوێین کە لە ئێستادا وەکوو دوایین چوارشەمەی ساڵ لە مانگی ڕەشەمەدا خەڵک بە ئاگرکردنەوە یادی دەکەنەوە و هەندێک کەسیش بە هەڵە لەژێر هۆژموونی و چەواشەکاری فارسدا وەکوو کوشتنی زەهاک بە دەستی کاوەی دەبینن.

کۆنترین مێژوو یان ئایینێک کە باسی چوارشەمەی سووری تێیدا کرابێ، ئایینی کوردانی ئێزدییە کە ڕێکەوتەکەی دەکەوێتە مانگی دووهەمی بەهارەوە و وەکوو سەرەتای ژیان و تەقینەوەی گۆیەک وەکوو هێلکە باسی دەکرێ کە بە وردی لە پێشەکیی "مسحەفا ڕەش" و جیلوە لێی دواوە. لەو مانگەدا کوردانی ئێزدی زەوی ناکێڵن و ژن و ژنخوازییش ناکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە گوڵان جوانترین بووکی ساڵە. لە ڕووی ماتریاڵی وشەکەشەوە وشەی سوور و شەم لەنێو کورددا واتای ڕاستەقینەی خۆی لە ژینگە و سروشتی کوردەوە وەردەگرێ. شکاندنی هێلکە وەکوو نەریت لەو ڕۆژەدا بۆ باوەڕی کۆنی کورد دەگەڕێتەوە کە فارس و کۆچەری دەشتەکی لێی بێبەرین.

بۆ زوحاک و کاوە ڕەنگە فیردەوسی دوایین کەسێک بێت باسی کردبێ کە وەکوو هۆنەر و هەڵبەستوان نێوەرۆکی داستانەکانی لە پێش خۆی و بە تایبەتی "خودای‌نامەگ" وەرگرتوە. هەتا پێش هاتنی ئیسلام شا و بەگ و بەغ و کەی و کەیخوا و کوێخا هەموو حوکمی خوداوەند و خاوەند و خاوەنی هەبوو، کەچی دواتر هەمووی گۆڕا و وشەی شا جێی ئەوانی گرتەوە. "خوانامەگ" کە هەتا سەردەمی ساسانی بەردەوام بوو لە ڕۆژگاری ئەوڕۆش بە کوردی خوارین یان کەلووڕی واتای خۆی هەیە.

لەسەر کاوە و زوحاک ئەگەر بێتوو ئێمەی کورد لێی بدوێین دەبێ بە ڕوانگەی باوەڕەکانی کورد لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامەوە باسی بکەین. چونکە ڕوانگەی مێژوونووسانی دوای ئیسلام قەوەی بە لێکدانەوەی دوونادوونی ڕوحی مێژوویی کورد ناشکێ. کاتی خۆی شاملووی فارس لە بێکەسیی نەتەوەی کورددا خۆی لە کورد کردوە بە کوێخا و زوحاکی کردووە بە ئاشتیاگ و کاوەشی وەکوو ئارپاکۆ ناساندوە کە بەداخەوە هەندێک کوردی دەستەمۆی وێژەی فارسی داگیرکەریش بە هەمان ڕێرەودا کەوتوونەتە شوبهاندن. لە مێژووی کورددا هاوشێوەی ئەم چیرۆکە بە دەیان ڕووداوی مێژووییمان هەیە کە وەک دوونادوون لە مێژوودا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو داستانانە وەکوو ئەفسانە یان ڕووداو لە سەردەمی خواوەندەکانی میتانی و هۆرییەوە دەست پێ دەکا و تا سەردەمی جامەکەی حەسەنلووی چۆمی گادەر دێت و دواتر تەنانەت لە شێخ مەند و شێخ ڕەشی ئایینی ئێزدیشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە هەقیقەتیشدا بنەڕەتی ئەم داستانە بریتییە لە شەڕی شێر و مانگا کە شێر واتای هەتاو یان خۆر دەدا و مانگاش ڕۆڵی پانتایی زەوی دەگێڕێ.

ئەوەی فیردەوسی باسی دەکا بە گریمانەی زۆر لە چیرۆکی شەڕی کوردانی ماننایی وەرگیراوە کە باس لە شەڕێکی نێوخۆیی کوردان دەکا کە هیچ پەیوەندییەکی بە فارسەوە نییە. لەم شەڕەدا کوردانی ماننایی پاشایەکی کۆیلەی خۆیان کە خۆی بە ئاشوور فرۆشتوە دەکوژن. لە لایەکی دیکەوە جوگرافیای هەڵبەستەکانی نێو شانامە زۆرینەی پەیوەستە بە خاکی کوردستانەوە و ١٣٠ ساڵ پێش فێردەوسی، ئەبووحەنیفەی دینەوەری لە "ئەخباروتەوال"دا باسی کردوە. لە لایەکی دیکەوە باسی مار لە مێژوودا بریتییە لە هێز و دەسەڵات و تەنانەت لە نێو زانستی پزیشکیشدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە لە نێو کورددا مار وەکوو پیرۆزییەکی نێو بەلەمەکەی نوح سەیر دەکرێ، هەر بۆیە عەرەب و فارس دەیانهەوێ بە شێوەیەکی وەهماوی لێی بدەن هەتا پاشایەتیی کوردی ماد لە بەر چاوی نەتەوەی کورد بخەن.

# گۆڕانکارییەکانی دادێ لە ئێران و قەیرانی گەورەی داهاتووی پەنابەران



و: کەماڵ حەسەن‌پوور

**نەیشنال ئینتێرێست – مایکڵ ڕوبین**

پەنابەرانی ئوکراینی درێژە بە ڕاکردن لە هێرشی ڕووسیە دەدەن، بەڵام وەک هی سووریە ڕێژەکەیان لە گۆترە نییە. سەرکۆماری ڕووسیە ڤلادیمیر پوتین، وەک هاوشانە سوورییەکەی بەشار ئەلئەسەد، بەئانقەست خەڵکی ئاسایی کردۆتە ئامانج تا بەو شێوەیە زەخت بخاتە سەر ئورووپاییان و بەو شێوەیە ناچار بە سازانیان بکا. بەگوێرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەنگی ئوکراین هەر ئێستا بۆتە هۆی زیاتر لە سێ میلیۆن پەنابەر و ئەو ئامارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بەرەوە خۆرهەڵات بۆ نێو ئەرمەنستان و ئاسیای ناوەندی، شوێنێک کە تێچووی بژیوی ژیان گەلێک هەرزانترە، ڕایان کردوە. ئەوە ئوکراینی تەنیا لە ماوەی چەند حەوتوودا، دوای سووریە و ڤێنێزوئێلا، کردۆتە یەکێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری پەنابەر. ڕەنگبێ ئوکراین ئەو پلەیەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەدەستەوە نەبێ. حەشیمەتی سووریە ١٧،٥ میلیۆن کەس بوو؛ ڤێنێزوئێلا ٢٨،٤ میلیۆن؛ ئوکراین ٤٤،١ میلیۆن. بەڵام، حەشیمەتی ئێران نزیکەی دوو هێندەی ئوکراینە و ناسەقامگیریی لە ئاسۆ ڕا دیارە.

ئاڵوگۆڕی ڕێژیم بەڕێوەیە، نەوەک بە هۆی دنیای دەرەوە بەڵکوو لەبەر ئەو هۆیە کە ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی پیرە و دەمرێ. لە کاتێکدا کە بازاڕی دنگۆیان گەرمە کە خامنەیی بۆیە ئیبراهیم ڕەئیسیی بۆ پلەی سەرکۆمار هەڵکێشا تا جێگرتنەوەکەی هاسان بکا، دەستاودەست کردنی بێ کێشەی دەسەڵات ئاواتێکی دوورە دەستە. خامنەیی نە دەسەڵاتی ئایینیی پێویستی هەیە و نە کاریزمای کەسی پێش خۆی، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینیی هەیە؛ دوای مردنی ناوبراو قسەکانی کڕیارێکی ئەوتۆی نابێ.

پلەی ڕێبەر هێندە پڕ سوود بووە کە دەستاودەست کردنی دەسەڵات هێندەی دیکەش پێچەڵپێچ بووە. خامنەیی گەندەڵە. لە ماوەی دەسەڵاتداریی سی و سێ ساڵەیدا، خامنەیی چەندین میلیارد دۆلاری بەو بەرژەوەندییە بازرگانییانەی کە لە بەر دەستی دان کۆ کردۆتەوە. وەدەستهێنانی پلەی ڕێبەریی لە ئێران نە تەنیا بە مانای دەسەڵاتی بەربەرینە کە زەختی سنووردانانەکانی دێموکراسی لەسەر نییە (ڕێبەری گەورە لە سەرووی سەرجەم پلەکانی ئێرانە کە بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێن) بەڵکو سامانی زەبەلاحیشی بەدواوەیە. بە لەبەر چاو گرتنی دەگمەن‌بوونی دەستاودەست کردنی دەسەڵات، مردنی خامنەیی بە مانای دووهەمین دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە ماوەی زیاتر لە چل و سێ ساڵە، هیچ هاندەرێک بۆ چاوەڕوانی پشوودرێژانە بوونی نییە. لە جیاتان، هەموو کەسێکی بەرزەفڕ هەوڵی خۆی بۆ چوونە نێو تاقمی ناسەقامگیرکار دەخاتە کار.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیش لەو شەڕە دەستەوئێخەیەدا بەشدار دەبێ. لە ١٩٨٩، ناوەندە دەسەڵاتە جیا جیاکانی ئێران دروست لەبەر ئەوە لەسەر خامنەیی سازشیان کرد، چونکە ناوبراو لاواز بوو. خامنەیی بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی پێگەی سیاسی، پێوەندییەکی خاوەن سوودی دوولایەنەی دەگەڵ سوپای پاسداران دامەزراند: ئەو قەرار بوو لە بەرانبەر هەر شێوە سنوورێکی واتادار بۆ سەر دەسەڵاتەکەی ڕاوەستێ و سوپا قەرار بوو پشتگیریی لە چڕکردنەوەی کۆنترۆڵی خامنەیی بەسەر کێبڕکێکارە سیاسییەکانی بکا. سوپای پاسداران، کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی خامنەییدا سامانێکی سەدان میلیارد دۆلاریی کۆ کردۆتەوە، نایهەوێ بگەڕێتەوە سەربازخانەکان، ناشیهەوێ خۆی تووشی مەترسی شەڕی سیاسی دەگەڵ ڕێبەری گەورەی نوێ بکا. لە جیاتان سوپای پاسداران هەوڵ دەدا پێش بە گەیشتن بە پلەی ڕێبەریی لە لایەن هەموو ئەو کەسانە بگرێ کە دەسەڵاتی بەسەریانەوە نییە.

شەڕەکە گەلێک بێ بەزەییانە دەبێ. هەرکاتێک بۆشایی ڕێبەریی لە ئێران هاتبێتە ئاراوە، هێزە سەربازییەکان جەختیان لەسەر پێتەخت کردوە و ڕێگایان بە هۆزە نارازییەکان و تاقمە سیاسییەکانی ناوچە کەنارییەکانی وڵات داوە تا بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە. وڵاتانی دراوسێ زۆر بە دەگمەن خۆیان لە تێوەگلان لە شەڕە دەستەوئێخەکە دەبوێرن. ئەوە لە چوارچێوەی قەیرانی ئازەربایجان لە ١٩٤٦، یەکەم قەیرانی ڕاستەقینەی شەڕی سارد، کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی دا سوود لە لاوازیی ئێران لە ساڵەکانی دوای داگیرکاریی وڵاتەکە و لە سەر کار لابردنی شا لە ١٩٤١ وەرگرێ، ڕووی دا. کاتێک خامنەیی بمرێ، چاوەڕوان دەکرێ نە تەنیا ڕووسیە، بەڵکو کوردەکانی عێراق، تورکەکان، سەعودییەلان و پاکستانییەکان پشتگیریی لە تاقمەکانی سەر بە خۆیان ئەگەر لە تارانیش نەبێ، لە ناوچەکانی کەنارەکانی ئێران بکەن.

هەر شەڕێکی نێوخۆیی خەڵکی ئاسایی لەنێو دەبا، بەڵام سوپای پاسداران و لایەنە توندئاژۆکان هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵ وەدەست بێننەوە، ئەوان ڕەنگبێ هەوڵ بدەن خەڵکی ئاسایی بکەنە ئامانج. بڕوانە عێراق دەستبەجێ دوای داگیرکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان: تاقمە میلیشیاکانی دەوروبەری موقتەدا سەدر چالاکانە خەڵکی خوێندەوار و چینی مامناوەندییان لە ناو سەرجەم ئایینزاکاندا کردە ئامانج، چونکە دەیانزانی ئەو خەڵکە قەت پشتگیریی لە سەدر ناکا. سیاسەتوانە خۆراواییەکان بۆ لەنێو چوون و ڕاکردنی خەڵکی لێهاتوو بەپەرۆش بوون بەڵام، بۆ هێندێک لە ناوچەکان کە نایانهەوێ لەسەر بنەمای سیاسی و ڕۆشنبیریی کێبڕکێ بکەن، ئەوە گەشەکردنێکی ئەرێنی بوو. جووڵانەوەی پەرەئەستێنی نارەزایەتی لە ئێران بەو مانایەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی ئێران ئەگەرچی زۆرینەش نەبن هیوادارن کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ بێ. ئەوە لە بەرژەوەندیی لایەنگرە سەرسەختەکانی ئەزموونە شکست خواردەوەکەی خامنەیی بۆ وەدەرنانی ئێرانییە نارازییەکان لە وڵات دەبێ چونکە ئەوان چیدیکە ناتوانن پێیان بسەلمێن کە کۆماری ئیسلامیی هێچ شتێک نییە بێجگە لە دیکتاتۆرییەتیکی بێ‌دەربەست لە بەرگی مەلایان دا.

گیروگرفتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران ڕەنگبێ بە هەمان شێوە یارمەتیدەری دروست بوونی گەردەلوولێکی بێخەوش بن. نە ئابلۆقەکان و نە کۆڤید-١٩ ناتوانن بە تەواوی گیروگرفتە ئابوورییەکانی ئێران شی بکەنەوە. بە گوێرەی بانکی ناوەندیی ئێران، پوختەی سامانی وڵات، باشترین ئامراز بۆ دیاریکردنی ئاراستەی ئابووری، تەنانەت پێش کشانەوەی سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ لە بەرجام و سەپاندنی هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت لە لایەن وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ دژی ئابووری کۆماری ئیسلامی، بەرەو هەڵدێر دەچوو. ئەوە بە مانای لاوازیی بنەڕەتیی ئابوورییە کە گەیاندنی چەندین میلیارد دۆلاریش ناتوانێ ئاراستەکەی پێچەوانە بکاتەوە. بە کورتی، سەرپەرشتیی خامنەیی بەسەر ئابووری ئێرانەوە پشتی ئابووریی لە عەرزی داوە. ئێران بەرەو دارمانی ئابووری هەنگاو دەنێ.

شۆڕشی نێوخۆی ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی دە میلیۆن پەنابەر. ڕێژەیەکی زۆر کەمیان دەیانهەوێ بەرەو خۆرهەڵات واتە ئەفغانستان بچن، وەک هەڵوێستیان بەرانبەر بە پەنابەرانی سووریەیی، وڵاتانی عەرەبی نایانهەوێ وەریان گرن. ئەوە بەو مانایەیە کە لێشاوی مەزنی پەنابەران بەرەو باکوور و بۆ قەفقاز و پاشان بەرەو خۆراوا بە نێو تورکیەدا بەرەو ئورووپا دەچن. ڕێبەرانی ئورووپایی ڕەنگبێ پێیان وابێ دوای شەپۆلەکانی پەنابەری سووریە و ئێستا هی ئوکراین ئەوان گەیشتبنە لووتکەی توانایی وەخۆگریی پەنابەر، بەڵام ڕەنگبێ شەپۆلێکی گەلێک مەزنتر لە ئاسۆوە دیار بێ.



## ڕەزا بەراهەنی؛

# شاعیری شێعری زمان و ڕووناکبیری چەپ



سامالٚ ئەحمەدی

ڕەزا بەراهەنی، شاعیر، نووسەر و ڕەخنەگری ئازەریزمانی فارسینووسی خەڵکی شاری تەورێزی ئازەربایجانی ئێران کە ڕۆژی ٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵ لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، میراتێکی گەورەی ئەدەبیی بە زمانی فارسی لەدوای خۆی بەجێ هێشت.

سەربارى ئەوەی کە زمانی دایکیی ڕەزا بەراهەنی تورکیی ئازەرییە، بەڵام بەهۆی ئەو سیاسەتە زمانییەی لە نزیکەی سەد ساڵی ڕابردووەوە بەسەر ئێراندا زاڵە، ئەویش وەکوو میلیۆنان مرۆڤی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران دەرفەتی ئەوەی لێ زەوت کراوە کە توانا و هونەری داهێنانی خۆی لە زمانی دایکیدا بئەزموێت، بۆیە بەپێی ئەو تیۆرییەی ژیل دولوز و فیلیکس گواتاری لە کتێبی "کافکا، بەرەو ئەدەبیاتی کەمینە"دا باسی دەکەن، بە ناچاری دەبێتە نووسەری ئەدەبیاتی کەمینە و "وەکوو مشک زمانی زۆرینە هەڵدەکۆڵێ تاکوو کونێکی بۆ خۆی تێدا دروست بکا؛ تاکوو خاڵی پەرەنەسەندوویی خۆی، زمانە ناوچەییەکەی خۆی، دنیا سێیەمەکەی خۆی و بیابانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە ... تاکوو تایبەتمەندیی سەرکوتکراوی زمانەکەی خۆی لە هەمبەر تایبەتمەندیی سەرکوتکەری زمانی زۆرینەدا دانێت ... چونکە گەرەکیەتی خولیایەکی دژ لەنێو زمانی زۆرینەدا بئافرێنێ؛ خولیای دەربازبوون."

هەر ئەو تایبەتمەندیی سەرکوتکراوی لە بەرانبەر سەرکوتکەرییەشدایە کە بێجگە لەوەی لە بواری ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبیدا هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی زمانی ئەدەبی، بەتایبەتی زمانی شێعر لە "زۆرداری"ی ڕێزمان دەدا بۆ ئەوەی زمان بە "زمانیەتی/زمانیبوون"ی خۆی شاد بکاتەوە، بەلای هەڵوێستی فکری و سیاسیی جودا جوداشدا کل دەبێ و ئەو هەڵوێستانە لە قۆناغەکانی ژیانیدا بوونەتە هەواڵی جێی باس و مشتومڕی لێکدژ، کە تەنانەت دوای مەرگیشی کەوتنەوە سەر زاری لایەنگران و دژبەرانی. سەردەمێک لە وتاری "فەرهەنگی ستەمکار و فەرهەنگی ستەملێکراو"دا داوای "خودموختاریی فەرهەنگی" بۆ گەلانی ئێران دەکا و بە گوتەی خۆی لەسەر ئەوە ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لەلایەن ساواکی ڕێژیمی پەهلەوییەوە دەستبەسەر و ڕاپێچی زیندان کراوە و لەوێدا تووشی ئازار و ئەشکەنجە بووەتەوە و، سەردەمێکیش فریوی خومەینی دەخوا و تەنانەت نامەی بۆ دەنووسێ و تکای دیداری لێ دەکا، بەڵام دواتر ئەویش وەکوو زۆرینەی ڕووناکبیرانی چەپ دەکەوێتە بەر غەزەبی ڕێژیمی خومەینی و ناچار دەبێ ئێران بەجێ بێڵێ و تا کۆتاییی تەمەنی لە تاراوگە مایەوە، بەڵام لە هەموو ژیانیدا سەرباری ئەوەی کە باوەڕی بە پاراستنی یەکپارچەییی خاکی ئێران هەبوو، کەچی ئەو هەڵوێستەی خۆی نەگۆڕی کە پێی وابوو دەبێ گەلانی ئێران خودموختاریی فەرهەنگی و مافی خوێندن بە زمانی دایکییان هەبێ.


وەک لەو چەند دێڕەی سەرەوە ئاماژەم پێ دا، ڕەزا بەراهەنی جودا لە نووسەری، کاری ڕووناکبیریشی کردوە، بەڵام لایەنی هەرە گرنگ و گەورەی کەسایەتییەکەی هەر نووسەری و بەتایبەتی شاعیرییە. خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە داهێنەری زمانی ڕەخنەی نوێی ئەدەبییە لە زمانی فارسیدا و شێوازە نوێیەکەی شێعری خۆیشی بە ناوی "ڕەوتی شیعری زمان"ـەوە ناودێر کردووە. بەراهەنی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەو ڕێباز و فۆرمە نوێیەی نیما یوشیج لە شیعری فارسیدا داهینابوو و چەندان شاعیری داهێنەر و ناسراو بەرهەمی خۆیان تێیدا خولقاندبوو، پێویستە تێپەڕێندرێ و زمانی شیعر "زمانیەتی/زمانیبوون"ی خۆی بنوێنێ. لەم بارەیەوە دەڵێ: "چەندان ساڵ ئەزموون فێری کردووین کە یەکەم، زمان کەرەستە نییە و، دووەم، هەرجارێک کە بۆ شێعر لەکاری دێنینەوە، دەگەڕێتەوە ناخی خۆی و دەبێتە شتێکی وا کە لە سێرەی پێشبینی دەخزێ و دەبێ هەموو قانوونەکانی خۆی تێک هەڵشێلێ، تەنانەت قانوونە نەریتییەکانی و ڕێزمان و دارشتنی خۆیشی بۆ ئەوەی "زمانیەتی/زمانیبوون"ی خۆی وەکوو بنەمایەکی شاعیریی زەفەر پێنەبراو بپارێزێ و بەرەو سەردەمانی دادێی هەڵاوێ."

هەرچەند زاراوەی "زمانیەتی" (languageabili-ty) لە دەرەوەی پۆیەتیکای تیۆرییەکەی بەراهەنی پێشتر لە تیۆرییە ئەدەبییەکاندا بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام نزیکە لەو پۆیەتیکایەی کە ڕەوتێک بە ناوی "شیعری زمان" لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ی زایینیدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەری هەڵدا و بوو بە شێوازێک بۆ شیعری هاوچەرخی جیهان. لە پۆیەتیکای "شێعری زمان"دا زاراوەی wordness هەیە بە واتای ئەوەی کە لە شیعردا وشەکان لە قووڵاییی خۆیاندا هەن و، نە وشەی دیکە و نە پرۆسەی شیعری جێیان پێ لێژ ناکەن. بەپێی ئەم زاراوەیە و زاراوەکەی بەراهەنییش، ئەوەی کە لە شێعردا هەیە لە کری زماندا دیارە و بە هەرچەشنە بادانەوەیەک بۆ دەرەوەی زمان، بەهای شیعر لەنێو دەچێ و ئەوەی کە بە ناوی شیکاری و ڕاڤەی واتایی و مەبەستی شاعیر دەکرێ، ئەگەر بێت و بە شتێکی بەدەر لە کری زمانەوە ببەسترێتەوە، هیچ بایەخێکی نابێت.

بەراهەنی پێی وایە نەک "بابەتی نووسین"، بەڵکوو "کاری نووسین" دەتوانێت کۆمەڵێک بەهای شیعریی هێزەکی لە زماندا بدۆزێتەوە و دەڵێ: "لە زمانی فارسیدا زۆر جێی شاراوە هەن کە ڕێزمان بوێریی ئەوەی نەبووە سەریان پێدا بکا، تەنانەت شێعری فارسی تا ئێستا نەیوێراوە سەر بەو شوێنانەدا بکا. تەنیا شێعرێک کە وەکوو "کاری نووسین" لە نووسراوە دەڕوانێ، بوێر دەبێت و بە تیشکی بوێری، تاریکایی دەردەکێشێ."

زمان لە پۆیەتیکای شێعری بەراهەنیدا گرنگایەتییەکی بنەڕەتیی هەیە و پێی وایە کاری شاعیر دەربڕینی ئەو گرنگایەتییە، "ئەرکی شاعیر دەربڕینی زمان بووە. نیما بە شێوەیەکی تایبەت زمانی دەربڕیوە، شاملوو بە شێوەیەکی دیکە دەریبڕیوە و ئێمەش بەدوای ئەوەوەین کە بە شێوەیەکی دیکە زمان دەربڕین."

بەراهەنی پێی وایە "نیما سەرباری ئەوەی زۆر زۆر هەوڵی داوە زمانێکی نوێ بێنێتە ئاراوە، بەڵام لە نووسینی شێعردا لە ڕێگەی جێنشینکردنی خواستنی (مێتافۆری) و هێمایی (سیمبولیک)ـەوە کاری کردووە، نەک لە ڕێگەی جێگۆڕکێوە" و، پێی وایە "شاعیر دەبێ بوارێکی دەهێنەرانە لە شوێنی خۆی هەڵکەنێت و ... بە جێگۆڕکێ و کاتگۆڕکێ و کەشگۆڕکێ، بەرەو داهاتووی هەڵاوێ." واتا لە تیۆریی "زمانیەتی"ی بەراهەنیدا دەبێ هەموو شتێک لە خزمەتی "کاری نووسین"دا بێت. خۆی نموونە لە چەند زمانی جیاواز دێنێتەوە کە لەو نموونانەدا سەرباری ئەوەی کە ڕێزمان و پێکهات و واتای زمان تێک دەدرێ، بەڵام دیسان زمان لە گۆڕەپانی زمانیەتیی خۆیدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەگێڕێ، لەوانە: "زمانی منداڵ، زمانی گەمەی دایک لەگەڵ منداڵ و منداڵ لەگەڵ دایک، زمانە جیاوازەکانی یاری، زمانی ئەو خولیایانەی کە نابنە ڕستە، زمانی کابووس و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی و ئەو زمانەی لە زەلکاوی سامناکی ترسەکانی سەردەم چەقیوە." بەراهەنی پێی وایە سەرلەبەری ئەو نموونەی زمانانە سەرباری ئەوەی کە ناچنە چوارچێوەی ڕستەی تەواو و ڕێزمانییەوە، بەڵام زۆر لە ڕستەی تەواو و ڕێزمانی ڕوونتر دەتوانن "لاڵی و کێماسییەکان" دەرببڕن و دیمەنی زمانیەتیی زمان نیشان بدەن.



بە کورتی دەتوانین بڵێین بەلای بەراهەنییەوە زمانی شیعر بانتر لە کەرەستەیە و تێیدا هەوڵ دەدرێ بەشە تاریک و ڕێ تێنەبراوەکانی زمان بدۆزرێتەوە، بەڵام بەراهەنی ئەو هەوڵە مەزنە نەک لە زمانی دایکیدا، بگرە لە زمانی زاڵ بەسەر زمانی دایکیدا دەکا کە بێگومان نەک بە ویستی خۆی، بگرە وەکوو گەلێک لە نووسەرانی گەلانی ستەملێکراوی جیهان، لەوانە نووسەرانی کورد، وەکوو عەلیئەشرەف دەروێشیان، یاشار کەمال، سەلیم بەرەکات و... لەبەر ئەوەی نووسین بە زمانی دایکیان ناموکین بووە، بە ناچاری لە بەرزترین ئاستی مومکیندا بۆ پاساوێکی واقعی گەڕاون کە ئەویش نووسین بە زمانی زاڵ، یان زمانی زۆرینە بووە، بە گوتەی دولوز و گواتاری: "داهێنان وەکوو هەنگاونان بەنێو ناموکینەکاندا."

## "هەرچیی بە زماندا نەیا هەرگیز نایاتە دنیاوە"

ڕەزا بەراهەنی/ و: سامالٚ ئەحمەدی

هەرچیی بە زماندا نەیا     هەرگیز نایاتە دنیاوە
ئەو کەسەی خۆرێکی ئەڵماسشێوە لە ناخی خۆیدا بەردەوام     بە ئازاری ئەشقەوە پەروەردە دەکا
گوێ ناداتە هیچ ئەستێرەیەکی بزمارین
کە بە نووکە تیژەکەیەوە لە دوورەدەستەکانی دنیاڕا بەلەز هەڵدەخوشێ و دادەخوشێ
سێ پەنجەی دەستی ڕاستەم
بە فەرمانی خۆر لەم زمانە کاکیبەکاکییەدا غار دەدەن و
بڕیاری چاوم لەم ئاسمانەی ناخمەوە ڕادەکشێ
خەیاڵیشم وەها شێتانە دەفڕێ کە باڵی     دەڵێی دابەستەی فریشتەکانی ئاسمانن
من پەردەداری غەیب نیم     خوم غەیبم
هەرکەسێکیش پێی وایە من بەم ئاستەی زەوی ڕازی بووم
یان بەو ئاسمانەی بان سەرم
هێشتا لەوە نەگەیوە کە سەرانسەری گەردوون بە چڵەپووشێک ناکڕم
دنیا بە هەموو خۆر و کەشکەڵانەکانییەوە لە منڕا دەڕۆن     ئەوە من نیم کە دەڕۆم
کێهە ئەستێرە تا ئێستا     دێڕێک     شیعری دڵداریی هۆنیوەتەوە؟
خۆریش مەگین هیچ لە ئەڤین و لە مۆسیقا تێدەگا؟
دنیا بە هەموو خۆر و کەشکەڵانەکانییەوە لە منڕا دەڕۆن     ئەوە من نیم کە دەڕۆم
کێهە ئەستێرە تا ئێستا دێڕێک شیعری دڵداریی هۆنیوەتەوە؟
ئەشقی مۆسیقا مەگین ئەو خۆرەی لەخۆبایی نەکردووە؟
کێهە ئاسک تا ئێستا سەری هەڵێناوە بۆ ئەوەی مانگ ببینێت؟
ئەدی مانگ، مانگ و ئاسک و دارستان بەو پێچەڵپێچییەوە ئەگەر من نەبم و نەیڵێم؛ مەگین هەر هەن؟
کەشکەڵانیش مەگین چییە بێ لە چاوترووکانێکی ناکاوی من لە نێوان مۆژەکانمدا؟
ئەی ئەگەر من نەبم، تۆ کە گراویی منی     مەگین دەنیشییە سەر دیدەی ئاشقانی دیکەی دوایی؟
هەزار ئاوێنەی کەسیی شێتم هەڵداوە بە دەوری عیشوەی بێبڕانەوەی تۆدا
ـ "عیشوە" ـ ئای لەو وشە بەرزە!
وەک بڵەی ئەوەت تۆ بە زماندا هێنا هەوەڵێ و     دوایی لە ژن قیامەت هەستا
هەر پاش ئەوەش بوو کە هیچ نەینۆکی ترم ڕوخسەت نەدا
سەری ئەو نینۆکە تازەبڕاوە ناسکەی تۆ بنوێنێ
ئاشق ئەگەر دڵپیس نەبێ حەتمەن شێتە دەنا سەری لە جوانی دەرناچێ
***
من کەشکەڵانی ئەرد و ئاسمانم تەقاندووە
کلیلم لە گشت خۆر و هەسارە و ئەستێرەیەکدا سووڕاندووە
هیچ نەشمەزانی بەدوای چی و کێدا دەگەڕێم
کتوپڕ زانیم هەر لە هەوەڵێوە بەدوای ئێرەدا وێڵ بووم
بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک بنووسم لەو بانەڕۆژەی تێیدا مرۆڤ پۆلە پۆلە مەلێکی گیانلەبەر لە وشەکان دەئافرێنێ
باڵەکانیشیان دەڕاسێنێ     لە دژی ئەو سپێدە کیژەی کە خۆر مارەییی خوێنی پیا دەپژێنێ
***
ئەرکی من ئەوە بووە کە هەر لە سەرەتاوە لە تاریکیی دنیا تێبگەم و
ڕوونی بکەمەوە
ئەو ڕووناکییەش لە ڕووناکاییی خۆر خۆی کەمتر نەبووە
بڕوانە ئاشقان لە قووڵاییی تاریکیدا
جەستەی یەکدی بە درەوشاوە دەبینن و
بە چنگەکرکێ هەوڵ دەدەن
نەیەڵن دەروازەکانی بەهەشتی یەکتر دابخرێن
وا بووە من هەستم کردووە     کە ئاسمانەکانم هێناوەتە سەر زەوی
هەر هەناسەیەکیشم بەس بووە بۆ ئەوەی
دارستانەکان لە حاڵی سەمادا هەڵفڕێنم
جوانترین نەسکەکانی کتێبی پیرۆزم
بە خەتی خۆم نەک هەر نووسیوەتەوە
بگرە
بە نووسراوم لە سینەدا تۆمار کردوون
هەرچییەکی بە زمانی مندا نەیا هەرگیز نایاتە ئەم دنیایەوە
خوداکان پێویستیان بووە بە ئەلفبێی گیانی ئەم منەی پەرێشان
هاشوهووشیان سەرلەبەر هاواری دوورییەکەی ئەمن بوو
زمانی من نەبووایە، ئەم دنیایەش نەدەبوو! هەر ئەوەندە و
"ڕووناکایی ببە و ڕووناکایی بوو!"
لە منەوە گەییشتە ئاسمانی دنیا
ئەو وشانە سەرلەبەر وشەی شاعیر بوون
لە خەونەکانی منیان دزیون
ئەو چەند وشەیە چەند وشەی شاعیرێک بوون
مرۆڤ، میعراجی بە بەژن و باڵای خۆی هەڵداوە
سەرباشقەکە وەستانی مرۆڤە بە هەموو باڵای خۆیەوە لەسەر پێ
سەرباشقەکە بەژن و باڵای مرۆڤە
ئەوەی بۆ ئاسمان نەگەڕێت مرۆڤ نییە و     خۆیشی ناناسێت
وەهای ئاسمان لە ڕاستیی دڵەوە خواستووە
کە جارجار خۆی لە ئاسمانی دنیا جێ هێشتووە
ئاشقان لە قووڵاییی تاریکیدا جەستەی یەکدی لە خۆیاندا بە درەوشاوە دەبینن
تەنانەت ئەگەر خاچیش خەڵکێکی پەرێشان هەڵیاندابێ
میعراج لە خواستی خۆیەکیی ئەو بەژنەی مرۆڤ هەڵکشاوە
ئێستا تۆ بڕوانە ئاشقان کە لە قووڵاییی تاریکیدا     جەستەی یەکدی بە دەرەوشاوە دەبینن
میعراج لە خواستی بەژنی مرۆڤ هەڵکشاوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:820 4 April 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312





## بەر لە ماڵاوایی

# شێعری ڕابوون و ڕەوایەتێکی شۆڕشگێڕانە لە مێژوو



د. ئازاد محەممەدیانی

پرسی هونەر بۆ هونەر و هونەر لە پێناو کۆمەڵگەدا کێشەیەکی دوور و درێژە لە مێژووی هونەر و ئەدەبیاتی مرۆڤدا، کێشەیەک کە پەلی هاویشتۆتە ئەدەبی کوردەوە و ڕەخنەگر و ئەدیبی کوردیشی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە. بە دوور لە قەزاوەت کردن لەبارەی لە حەقیقەت نزیکبوونی کام یەک لەم ڕوانگانە، ئاماژە بە جۆرێک لە هونەر کە پێوەندیی بە کۆمەڵگە و ژیانی میللەتانەوە هەیە بە تایبەت لە دۆخێکدا کە کۆمەڵگە ناسەقامگیرە، دەتوانێ ببێتە بنەمای لێکدانەوەی هێندێک دەق یا خوێندنەوەی مێژووی سەردەمی ئەدەبی گەلێک.

شێعری کوردی بەتایبەت لە کوردستانی ئێران بە هێندێک ڕەوتی جیاوازدا ڕۆیشتوە کە شێوەی پێوەندی ئەو ڕەوتانە لەگەڵ کۆمەڵگە و پرس و بابەتەکانی جێی سەرنج و ئاماژەن. بەڵام ئەوەی بۆ ئەم یادداشتە گرینگ و جێی باسە پرسێکی گشتییە کە لە قۆناغێکەوە دەستەویەخەی ئەدەب، بە تایبەت شێعری هاوچەرخی کوردی بووە، ئەویش دابڕانی واتایی و پێکهاتەیی ئەم ئەدەب و شێعرەیە لە کۆمەڵگە و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانە. بە شێوەیەک کە بەپێچەوانەی سەردەمێک کە شێعر وێڕای پاراستنی جەوهەرە شێعرییەکانی خۆی لەگەڵ خەم، ئازار، کێشە و بابەت و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەکەی لە پێوەندیدا بوو، ئەدەبێک کە هەم لە سەردەمی خۆیدا و هەم دواتریش بووە وێردی زمانی کۆمەڵگە و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا چێژ بەخش و ڕێنیشاندەر بوون، کە دیارترین کەسانی ئەم ڕەوتە هێمن بە هەموو تازەگەرییەکانی لە شێعردا و هەژار وێڕای زمانە پاراو و ئارکائیکەکەی و تەنانەت سوارەش کە ڕچەشکێنی قۆناغێکی شێعری بوو. بەڵام نوێکردنەوەی پێکهاتەی شێعری نەیتوانی پێش بە پێوەندی هونەرەکەی و کۆمەڵگەکەیەوە بگرێ.

دوای ئەم قۆناغە و بە تایبەت دوای چوونە دەرێی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەستەکاندا، شێعری ڕۆژهەڵات بەرەو مەسیرێک ڕۆیشت کە ئاکامەکەی بووە دابڕان لە کۆمەڵگە و دوورکەوتنەوەی شێعری هاوچەرخ بە نوێ و کلاسیکەوە لە خەم و کەسەر و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەکەی و لێکدابڕانی زمانی شێعریش لە زمان و کەڵکەڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات. بەڵام ماوەیەکە کە لە شێعری نوێدا ئەزموونە نوێیەکانی «ڕابوون ڕۆژهەڵات» توانیویەتی حکایەتخوانی مێژوویەکی نوێ و کەڵکەڵەمەند لە شێعری کوردی و پێوەندیەکەی لە گەڵ کۆمەڵگە و ڕووداوەکان بێت(کە لە وتار و فایلێکی جودادا باسی دەکەم). بەڵام لە قەوارەی کلاسیک و لە چوارچێوەی غەزەلی نوێدا ئەزموونێکی نوێ، جیاواز و سەرکەوتوو خەریکە دەبێتە سەرەتای لێک گرێدانەوەی ئەدەب و کۆمەڵگە، هونەر و سیاسەت و شێعر و شۆڕش، ئەزموونێک کە دەنگی خەم و پەژارەی ڕۆژهەڵاتە و ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان بە تایبەتمەندی ڕۆژهەڵات و پرسەکانی لە توێی غەزەلدا ڕەوایەت دەکا، ڕەوایەتێکی شاعیرانە لەو مێژووە دابڕاوەی شاعیر و نیشتمان.

لە کاتێکدا کە سیاسەتی سەردەم هاوشێوەی کۆمار و دوای شۆڕشی ٥٧ و شەستەکان توانایی گوتار سازی(گفتمان سازی) نییە و ناتوانێ خۆی لە داوی سیاسەت و گوتاری ئەو سەردەم دەرباز بکا و لە بازنەیەکی خۆ دووپات کردنەوەدا دەسووڕێتەوە و نەیتوانیوە هێندێک واتاو چەمکی تازە بکاتە هەوێنی گوتارێکی نوێی سیاسی شۆڕشگێڕانە، شێعری ڕابوون ڕۆژهەڵات لە ئەدەب و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵات ڕابووە و مانایەکی نوێی لە غەزەل و لە شێعری هاوچەرخ بەدەستەوە داوە، کە دەتوانێ هەم لە ئەدەبی کوردیدا گوتارساز بێ هەم ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانە بە سیاسەتێک بدا کە کەوتۆتە داوی بێ گوتارییەوە. شێعری ڕابوون نە تەنیا زمانی ئەدەبی سەردەمە بەڵکو واتاکانیشی سەردەمیانەن بەڵام لە هاوپێوەندیەکی چڕ لەگەڵ کۆمەڵگە و خەم، پەژارە و کەڵکەڵەکانیدا. ڕابوون دەتوانێ بۆ هەر ڕووادوێک، هەر هیوایەک، هەر ناهومێدییەک، هەر جووڵەیەکی خەباتکارانە و هەر هەنگاوێکی پێشمەرگە و خوێنی شەهیدێک، هەر بابەتێکی سیاسی و کەڵکەڵەیەکی کۆمەڵگەکەی بە دوور لە دروشم، لە چوارچێوەی غەزەلی نوێدا دەنگێکی سەرکەوتووی هونەری بخولقێنێ و توانایی ئەوەشی هەیە بیکاتە وێردی سەر زمانی ڕۆڵەی نیشتمانەکەی و چێژبەخشی هەر کۆڕ و دانیشتنێک بێت.

ئەم شێعرانە نیشانەی سەرکوتووی هونەری بەرپرسیارە، هونەرێک کە نە لە کۆمەڵگەکەی دابڕاوە نە لە شێعر و جەوهەرە شێعریەکانی شێعرێکی سەرکەوتوو، لە ڕاستیدا شێعری ڕابوون ڕۆژهەڵاتی دەنگی گەلێک و حیکایەتخوانی مێژوویەکە کە دەیهەوێ لە قۆناغێکی چەق بەستووەوە بەرەو قۆناغێک لە هەڵبوونەوە و سیاسەتی شۆڕشگێڕانە بە گوتارێکی نوێوە بچێ.

## بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان





پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٩ی خاکەلێوە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆڕستانی شەهیدان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی ٧٥ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا لەلایەن کاک حەسەن ڕەستگار، تێکۆشەری دێرینی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، تاجەگوڵینەی وەفا لەسەر مۆنۆمێنتی شەهیدان داندرا. دواتر کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەوە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێشکەش کرد.





لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، خاتوو خەدیجە مەعزووری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب، پەیامی ڕێزلێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان خوێندەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەشدا لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دوو سروودی تایبەت بەو بۆنەوە پێشکەش کران و دواتر بەشداربووان بۆ بەڵێن نوێکردنەوە لەگەڵ شەهیدان سەردانی مەزاری نەمران و هەروەها پێشانگای وێنەی شەهیدانیان کرد.





## فینلاند

# بەرز ڕاگیرانی یادی سەرکۆماری شەهید، پێشەوا و هاوڕێیانی

ڕۆژی شەممە، ١٣ی خاکەلێوە بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، هەروەها نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لە وڵاتی فینلاند ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی بنەماڵەی شەهیدان، لە لایەن کاک ئاوات حەسەنپوورەوە خوێندرایەوە، هەروەها خاتوو سارا سۆفی، ئەندامی پارلمانی فینلاند لە وتەیەکی کورتدا بە بایەخەوە باسی لە پرسی کورد کرد و دواتر کاک مستەفا شەڵماشی، کەسایەتیی دیاری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتاری ئەم بۆنەیەی پێشکێش کرد. هەروەها ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و چەپکە گوڵی ڕێز و وەفا لە لایەن کاک قادر مەکلاوەیی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان، ئامادەبوو لەو کۆڕە کرا.



لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پێشمەرگە دێرینەکان، فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردییەکانی فینلاند و ڕەوەندی کوردستانی خوێندرانەوە و چەند بڕگەیەکی ئەدەبی و هونەرییش پێشکێش کران.